هەرچی پێویست بێت بۆ چارەسەری محەمەد درێخی ناکەین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە


XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5854) سێ شەممە 22ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پەیوەندیی بە باوکی منداڵە بریندارەکەی ڕۆژئاواوە کرد



دوێنێ دووشەمە 21ی10ی2019 سەرۆک بارزانی لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندیی بە حەمید محەمەد، باوکی ئەو منداڵەی ڕۆژئاواوە کرد کە بەهۆی بۆمبارانەوە لە ڕۆژئاوا بەشی زۆری جەستەی سووتاوە و بۆ چارەسەر گوازراوەتەوە نەخۆشخانەیەکی دهۆک.

سەرۆک بارزانی لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا لەگەڵ باوکی محەمەد، وێرای دەربڕینی هاوخەمی، ڕاشیگەیاند کە هەرچی پێویست بێت بۆ چارەسەری محەمەد درێخی ناکەن.


پەیامێکی سەرۆک بارزانی لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان دەگەیەندرێتە ڕووسیا



سەرۆک بارزانی پەیامێک لەبارەی بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ کۆماری ڕووسیای فیدراڵ دەنێرێت، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پەیامەکەی گەیاندۆتە کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

هاوپەیمانیی کوردستانی: بەبێ هیچ کێشەیەک کاندیدەکان یەکلایی بوونەتەوەو هیچ گرفت و کێشەیەک لە ئارادا نییە



دوێنێ دووشەمە هاوپەیمانیی کوردستانی لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە و دواتریش لە پرێس کۆنفرانسێکدا وردەکاریی کۆبوونەوەکەیا خرایەڕوو. لەمبارەوە ڕزگار عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا ناو و ڕێژەی کاندیدەکانی هاوپەیمانیی کوردستانی یەکلابووەتەوە و هیچ گرفت و کێشەیەک لە ئارادا نییە. ئامانژەی بەوەش کرد: هەموو لایەنەکان لەسەر ویست و داخوازیی خۆیان هاتوونەتە ناو ئەم هاوپەیمانێتییەوە و هیچ زەختێک نەبووە و ئەگەر کورد ئێستا یەک دەنگ و هاوهەڵوێست نەبێت، سەنگ و پێگەی دەشکێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەرپرسێکی یەکێتی: گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک سەقامگیری و دەسەڵات و یاسا دەگەڕێنێتەوە

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە پشکی یەکێتیی نیشتمانی ڕایدەگەیەنێت گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک جۆرێک لە سەقامگیری بۆ شارەکە و دەسەڵات و یاسا دەگەڕێنێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دەیڤید پترایۆس: کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ناپاکییە بەرامبەر بە کورد

دەیڤید پترایۆس بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی بە CNN ڕاگەیاند: ئەمەریکا بەو کشانەوە کتوپڕەی ناپاکی بەرامبەر بە هاوپەیمانە دێرینەکانی کوردی سووریای کرد کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە جەنگدان دژ بە داعش. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عیرفان کەرکووکی: لە هەموو ناوچە و پارێزگاکانی عێراق بە لێشاو عەرەبی شۆڤێنی هاوردەی کەرکووک دەکرێن

دوو ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووکدا تێدەپەڕێت، سەرکردەیەکی تورکمانیش دەڵێ، بە لێشاو عەرەبی شۆڤێنی لە باشووری عێراقەوە هاوردەی کەرکووک دەکرێن و ئەوەی ڕژێمی بەعس پێی نەکرا لە تەعریبکردن، پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک تەواوی دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەن دانیشتوانی شاری قامیشلۆوە بەردباران کران



کاروانی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەکاتی کشانەوەیان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، لەلایەن دانیشتوانی شاری قامیشلۆوە درانە بەر بەرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لێندسی گراهام: ناوچەیەکی ئارامی بێ چەک لە نێوان تورکیا و کورد دروست دەکەین



لێندسی گراهام، سیناتۆری دیاری کۆمارییەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ناوچەی ئارام لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی دەبێت و ئەوان لەگەڵ کورد ناوچە نەوتییەکان دەپارێزن و ناهێڵن بکەونە ژێر دەستی ئێران و ئەسەد. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

لەهێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا 22 منداڵ شەهید و 86 هەزاریش لە خوێندن بێبەشبوون



دەستەی پەروەردەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕایدەگەیەنێت، لە ئەنجامی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان 86 هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەشبوون و 22 منداڵیش شەهید بوون. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی ئەمەریکا بەرژەوەندی تایبەتی ئابووری لەگەڵ تورکیا هەیە

تاوەرەکانی ترەمپ لە ئیستانبوڵ داهاتی باش بۆ کۆمپانیای ترەمپ بەدەست دەهێنن

دوای ئەوەی دۆنالد ترەمپ سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناکاو پشتی لە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کرد کە هاوپەیمانی سەرەکی بوو لە شەڕی تێکشکاندنی داعش و گلۆپی سەوزی بۆ ئەردۆغان پێکرد بۆ ئەوەی ناوچەی ئارام دروستبکات، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی ڕەخنەی زۆر لە دژی ئەمەریکا. هاوکات سەرکەوتنێکی جیۆسیاسیش بوو بۆ هاوپەیمانە دێرینەکەی ئەمەریکا کە ڕووسیایە، هەروەها بەو پشتکردنە قەیرانی مرۆیی سووریای قوواڵتر کردەوە و جارێکی دیکەی دەرگای لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی داعش کردەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



پەیامێکی سەرۆک بارزانی لەبارەی رۆژئاوای کوردستان دەگەیەندرێتە ڕووسیا

سەرۆک بارزانی پەیامێک لەبارەی بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان، بۆ کۆماری ڕووسیای فیدراڵ دەنێرێت. هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە هەڤماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیس بووک) ڕایگەیاندووە، ڕۆژی دووشەمە 2019/10/21 سەردانی کونسوڵخانەی ڕووسیای لە هەولێر کردووە.
هێمن هەورامی هەروەها ڕایگەیاندووە، لەم سەردانەدا، پەیامێکی تایبەتیی سەرۆک بارزانی لەبارەی بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان بۆ بەرپرسانی بااڵی ڕووسیا، گەیاندووەتە کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر. جێی باسە بەهۆی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، بۆ بەرپرسانی باڵای ڕووسیا، گەیاندووەتە کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر. جێی باسە بەهۆی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، هەزاران هاوواڵتیی مەدەنی شەهید و بریندار بوون و ناچار بوونماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و دیسان ئاوارە ببنەوە.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد

لەدیداری نێوان جێگری سەرۆکی پەرلەمان و کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، دۆخی هەرێم و عێراق و ناوچەکەو تێڕوانین و هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.
دوێنێ دووشەمە 21ی تشرینی یەکەمی 2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە چۆی کوانژین کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا باس لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ڕەوشی ناوچەکە کرا و جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە کرایەوە.
سەبارەت بە دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان جێگری سەرۆکی پەرلەمان تێڕوانین و هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا خستەڕوو و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 4ی ئاسایی خۆیدا کە ڕۆژی 2019/10/15 بەڕێوەچوو و تایبەت بوو بە خستنەڕووی دید و ڕوانگەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان، لەو دانیشتنەدا پەرلەمانی کوردستان وێڕای بە تووندی ئیدانەکردنی هێرش و لەشکرکێشی و بەئامانجگرتن و پەلامارى سەر هاوواڵتییان و پاراستنی سەروماڵ و گیانی خەڵکی سڤیل و دامەزراوە مەدەنییەکان، 12 ڕاسپاردەی پەسند کردو تیایدا داوای هەرچی زووە کۆتاییهێنان بە شەڕو لەشکرکێشی و ململانێی سەربازی کردو لەبری ئەوە پشتیوانیی بژاردەی چارەسەری ئاشتییانەی کرد لە ڕێگەی دیالۆگەوە.
هەر لە دیدارەکەدا باس لە هاتنی ژمارەیەکی دیکەی خەڵکی ئاوارەی ڕۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان کراو جەخت لە پێویستیی حەوانەوەیان و هاوکاریکردنیان کرایەوەو لەوبارەیەوەش جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: داوا لە حکومەتی عێراقی فیدرال دەکەین بەشێک لەو بودجەیەی کە بۆ ڕووداوە لەناکاوەکان تەرخانی کردووە بۆ هاوکاریکردنی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستانی تەرخان بکات.

لەکاتی کشانەوەیان لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە

هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەن دانیشتوانی شاری قامیشلۆوە بەردباران کران



هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە ژمارەیان نزیکەی 1000 سەربازە، ئێستا لە ڕێگەی شاری قامیشلۆوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەکشێنەوە. ئەم هێزانە لە ڕێگەی شارەکەوە بەرەو ناوچەی شاخی عەبدولعەزیز و ئەو ناوچانەی سنووری باشووری ڕۆژئاوا دەکشێنەوە کە لە سووریا کشانەتەوە زیاتر لە 200 تۆتۆمبێلی سەربازیی دەبێت.
هەر دوێنێ میدیاکان ئەوەشیان بڵاو کردەوە کە ئەمەریکا دوای چۆڵکردن و کشانەوە لە بنکە سەربازییەکانی لە منبج و کۆبانێ لە سووریا، دەستیکرد بە چۆڵکردن و کشانەوە لە بنکە سەربازییەکانی لە حەسەکە. بەپێی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکانەوە دەستکەوتووە، هێزەکانی ئەمەریکا لە دوو بنکەی خۆی لە پارێزگای حەسەکە کشاونەتەوە.
کاروانی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەکاتی کشانەوەیان لە باکوور و ڕۆژهەاڵتی سووریا، لەلایەن دانیشتوانی شاری قامیشلۆوە درانە بەر بەرد. دوێنێ دووشەمە سەربازە ئەمەریکییەکان، لە باکوور و ڕۆژهەاڵتی سووریا کشانەوە، لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستانیش لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەردباران کران. هەر دوێنێش پەیامنێری کوردستان تیڤی ڕایگەیاندبوو کە هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان لەڕێگای سحێالوە بەرەو هەرێمی کوردستان کشانەوە. بەپێی زانیاری میدیاکانیش کاروانەکەی سوپای ئەمەریکا کە لە سووریا کشانەتەوە زیاتر لە 200 تۆتۆمبێلی سەربازیی دەبێت.
هەر دوێنێ میدیاکان ئەوەشیان بڵاو کردەوە کە ئەمەریکا دوای چۆڵکردن و کشانەوە لە بنکە سەربازییەکانی لە منبج و کۆبانێ لە سووریا، دەستیکرد بە چۆڵکردن و کشانەوە لە بنکە سەربازییەکانی لە حەسەکە. بەپێی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکانەوە دەستکەوتووە، هێزەکانی ئەمەریکا لە دوو بنکەی خۆی لە پارێزگای حەسەکە کشاونەتەوە. ئەمەریکا بنکەی ڕادارى لە ناوچەی شاخی عەبدولعەزیز وەک ئەوەی کۆبانێ بە فڕۆکەی جەنگی خاپوور کردووە و لە بنکە سەربازییەکانی شەدادی و ئەلوەزیر و خاڵە سەربازییەکانی هێمێ و گرتووخانە، کشاوەتەوە. دوای بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ بە کشانەوەی سوپای وڵاتەکەی لە باکووری سووریاو ڕۆژئاوای کوردستان، ژمارەیەکی زۆر هێزی ئەمەریکا ڕوویان لە عێراق کرد، ژمارەیەکیشیان بەرەو هەولێر هاتوون و دەگوترێ ژمارەیەک لەو هێزانە ڕەوانەی پارێزگاکانی باشووری عێراق دەکرێن لەوانەش بنکەی سەربازیی عین االسد. جێی باسە دوای بڕیارەکەی ترەمپ سوپای تورکیاو چەتە بەکرێگیراوەکانیان دەستدرێژییان کردەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و بەهۆیەوە سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون و دەیان کەسی سڤیلیش بوونە قوربانی و بەم هۆیەشەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیدانەی دەستدرێژییەکانی تورکیایان کردو چەندین وڵاتی ئەوروپاش بڕیاریان دا چیتر چەک و تەقەمەنی بە تورکیا نەفرۆشن.

دەیڤید پترایۆس بۆ CNN:

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ناپاکییە بەرامبەر بە کورد

دەیڤید پترایۆس بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی بە CNN ڕاگەیاند: ئەمەریکا بەو کشانەوە کتوپڕی ناپاکی بەرامبەر بە هاوپەیمانە دێرینەکانی کوردی سووریای کرد کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە جەنگدان دژ بە داعش. دەیڤید پترایۆس لە چاوپێکەوتنەکەدا گوتی: پێموایە ئێمە وازمان لە هاوکاری کوردەکانی سووریا هێنا، ئەوانێک کە زیاتر لە 10 هەزار شەڕڤانیان بوونە قوربانی لە شەڕی دژ بە داعش، هەروەها گوتیشی کوردەکانی سووریا بە ئامۆژگاری و هاوکاری ئێمە داعشیان تێکشکاند و پاشان کشانەوەکەی ئەمەریکا شتێکی پلاندارێژراو نەبوو بەڵکو دەرچوونێکی کتوپڕ بوو.
پترایۆس دەربارەی بڕیارەکەی پێشووی ترەمپ لە بەجێهێشتنی باکووری سووریا کە لەوانەیە جەنگێکی نێ کۆتایی ڕابگرێت، گوتی ئەمە کۆتایی بە جەنگێکی نێ کۆتایی ناهێنێت، بەڵکو لەوانەیە درێژی دەکاتەوە چونکە ئەمە دەرفەتێک بۆ داعش دەرەخسێنێت دووبارە خۆیان ڕێکبخەنەوە و داعش لە ناوچەکە سەرهەڵداتەوە.
هاوکات لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە سەرکەوتنێکی ستراتیجی نییە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ناپاکییە بەرامبەر بە کوردانی سووریا.
دەیڤید پترایۆس بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی گوتی: کاتی خۆی کە گەیشتمە باکووری عێراق کوردەکان پێیان دەوتم دەزانی جەنرااڵ کوردەکان جگە لە چیاکان هیچ هاوڕێیەکی تریان نییە، منیش دەمگوت نا نا، وانییە ئێوە ئەمەریکییەکانتان هەیە، دەی ئێستا کێ ڕووی دێت ئەو پرسیارە لە فەرماندە مەزڵوم کۆبانی بکات.
دەیڤید پترایۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا و ناتۆ بوو لە 2010 و 2011 لە ئەفغانستان و لە ساڵی 2011 بوو بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی، ئەم چاوپێکەوتنەشی بۆ تەلەفزیۆنی سی ئای ئەی بەهۆی هێرشەکانی تورکیایە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کە تا ئێستا بە سەدان کۆژراو ئاوارەبوونی هەزاران هاووڵاتی مەدەنی لێکەوتووەتەوە.

کەوسەر کۆدۆ:

لەهێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا 22 منداڵ شەهید و 86 هەزاریش لە خۆێندن بێبەشبوون



دەستەی پەروەردەی باکوور و ڕۆژهەاڵتی سووریا ڕایدەگەێنێت، لە ئەنجامی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان 86 هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەش بوون و22 منداڵیش شەهید بوون. کەوسەر کۆدۆ، هاوسەرۆکی دەستەی پەروەردە و فێرکاری باکوور و ڕۆژهەاڵتی سووریا، ڕاشیدەگەێنێت، کە لە ئەنجامی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا، لە هەرێمەکانی سەرێکانی و گرێسپی، 810 قوتابخانە داخراون و 20 قوتابخانەش بە تەواوەتی وێران بوون.
ناوبراو دەشڵێت کە لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورکیا و چەکدارانی سەر بە دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەاڵتی سووریا، کاری زیاتر لە پێنج هەزار مامۆستا وەستاوە و 86 هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەش بوون. دەشڵێ، کە بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستەی تەندروستی تۆمارییان کردوون، لەئەنجامی هێرشە دڕندانەکانی دەوڵەتی تورکیا و چەکدارنیان 22منداڵ شەهیدبوون و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون.

هاوپەیمانیی کوردستانی:

بەبێ هیچ کێشەیەک کاندیدەکان یەکلایی بوونەتەوەو هیچ گرفت و کێشەیەک لە ئارادا نییە



دوێنێ دووشەمە هاوپەیمانیی کوردستانی لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە و دواتریش لە پرێس کۆنفرانسێکدا وردەکاریی کۆبوونەوەکە خرایەڕوو. لەمبارەوە ڕزگار عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا ناو و ڕێژەی کاندیدەکانی هاوپەیمانیی کوردستانی یەکلابووەتەوە و هیچ گرفت و کێشەیەک لە ئارادا نییە. ئاماژەی بەوەش کرد: هەموو لایەنەکان لەسەر ویست و داخوازیی خۆیان هاتوونەتە ناو ئەم هاوپەیمانێتییەوە و هیچ زەختێک نەبووە و ئەگەر کورد ئێستا یەکدەنگ و هاوهەڵوێست نەبێت، سەنگ و پێگەی دەشکێت.

دواتر عەبدولڕەحمان مستەفا سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لەبارەی تانەی لایەنەکان لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان گوتی: ئەو تانەیە ئێستا لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقییە و ئێمە هەر لە کۆبوونەوەی دووەمدا ئەندام پەرلەمانە کوردەکانمان لە بەغدا ڕاسپاردووە کار لەسەر ئەو کەیسە بکەن و هیوادارین هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە بتوانن لە ناوچە کوردستانییەکان دەنگ بدەن.

عەبدولڕەحمان مستەفا لەبارەی ڕێژەی کاندیدەکانی هاوپەیمانیی کوردستانی گوتی: لە هەر پارێزگایەک، ڕێژەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا چەند کەس بێت، ئێمە دوو بەرانبەری کاندیدمان هەیە، بۆ وێنە نەینەوا 48 کاندید، کەرکووک 26 کاندید و دیالەش 26 کاندید.

جێی باسە ئەو لایەنانەی کە تانەیان لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق داوە کە ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکان لە مافی دەنگدان بێبەش دەکات، بریتین لە "پارتی، یەکێتی، بزووتنەوەی گۆڕان، وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان" و بڕیارە ڕێکەوتی 18ی11ی2019 دانیشتنی دادگا لەمبارەوە بەڕێوە بچێت. هەتا ئێستاش 30 حزب و لایەنی کوردستانی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لە پێکهاتەی تورکمان و عەرەبیش هاتوونەتە ناو لیستەی هاوپەیمانیی کوردستانی کە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پاریزگاکانی عێراق و بەتایبەت بۆ سێ پارێزگای (نەینەوا، کەرکووک و دیالە) پێکهاتووە. بڕیارشە لە 1ی 4ی 2019 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوە بچێت.



ئەوەی بەعس پێی نەکرا پارێزگاری سەپێندراو بە دوو ساڵ ئەنجامی دا

عیرفان کەرکووکی: لە هەموو ناوچە و پارێزگاکانی عێراق بە لێشاو عەرەبی شۆڤێنی هاوردەی کەرکووک دەکرێن



دوو ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووکدا تێدەپەڕێت، سەرکردەیەکی تورکمانیش دەڵێ، بە لێشاو عەرەبی شۆڤێنی لە باشووری عێراقەوە هاوردەی کەرکووک دەکرێن و ئەوەی ڕژێمی بەعس پێی نەکرا لە تەعریبکردن، پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک تەواوی دەکات.

عیرفان کەرکووکی، سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان، بە مانگەپڕی فەرمیی پارتیی فۆرمی خۆراک و پێدانی مۆڵەتی نیشتەجێبوون، ئەوەی 35ساڵ ڕژێمی بەعس لە عەرەباندن نەیکرد، پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بە دوو ساڵ تەواو دەکات.

ڕاگەیاندووە: لەو ڕۆژەوەی کەرکووک داگیرکراوە، بە پیلانێکی داڕێژراو تەعریب دەستیپێکردووە و تا ئێستایش هەر بەردەوامە و ڕۆژ نییە خەڵک لە دەرەوەی کەرکووکەوە هاوردەی نێو کەرکووک نەکرێت، ئینجا لە هەموو ناوچە و پارێزگاکانی عێراق بە لێشاو عەرەبی شۆڤێنی هاوردەی کەرکووک دەکرێن. ئەو سەرکردە تورکمانە گوتیشی: هەر عەرەبێکی هاوردە لە کەرکووک نیشتەجێ بێت، لە ڕووی یاساییەوە هاوکاری دەکرێت بۆ گواستنەوەی پارێزگاری بەوەکالەتیش بەشێکە لە تەعریب و پێویستە ئەو پارێزگارە لەسەر کار دەربکرێت و پارێزگارێک لەلایەن لیستی برایەتییەوە پێشنیاز بکرێت بۆ کەرکووک، هەرچەندە دانوستان هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام دیارە هەتا ئێستا نەگەیشتوتە ئەنجام، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پەلە بکرێت بۆ دانانی پارێزگاری نوێی کەرکووک و کۆتایی بەو ڕەوشەی ئێستای کەرکووک بهێندرێت.

بەڕپرسێکی یەکێتی:

گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک سەقامگیری و دەسەڵات و یاسا دەگەڕێنێتەوە

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە پشکی یەکێتیی نیشتمانی ڕایدەگەیەنێت گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک جۆرێک لە سەقامگیری بۆ شارەکە و دەسەڵات و یاسا دەگەڕێنێتەوە.

ئەحمەد عەسکەری، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: هەندێک لایەنی عەرەبی و تورکمانی کە حزبەکانیان لەسەر دەمارگیریی نەتەوەیی دروست بوون، لە کاتی لەسێدارەدانی پێشمەرگەکان لە حەویجە، چەپڵەیان بۆ داعش لێ دەدا 80ی خەڵکی ئەو ناوچانە داعش و کۆنەبەعسین کە ماون، ئەوان خۆپێشاندان لە دژی گەڕانەوەی بارەگای لایەنە کوردییەکان دەکەن، جا بەمەبەست بۆ حزبەکانیانە کە دەیانەوێت یان بۆ خۆیانە.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی ناوەندیی یەکێتی ڕوونیشی کردەوە: لە کاتێکدا ئەم هەموو حزبە تورکمانی و عەرەبییەی لەسەر بنەمای دەمارگیری دروست بوون و ڕێگەیان پێ دەدرێت بارەگایان هەبێت، بۆ حزبی کوردی نابێت ئازاد بێت لە دانانی بارەگا و بارەگای بۆ نەگەڕێندرێتەوە؟ من پێم وایە ئەگەر حکوومەتی عێراق بەجددی بابەتی گەڕاندنەوەی بارەگاکانی وەرگرتبێت، ئەوا هیچ ڕێگرییەک ناکات.

لەبارەی گەڕاندنەوەی پارتی بۆ کەرکووک و گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی کەرکووک، ئەحمەد عەسکەری ئاماژەی بەوەش کرد: نەک گەڕانەوەی پارتی گرنگە، بەڵکوو حزبێکی بچووکیش کە قەبارەی لە پارتی بچووکتر بێت، هەر گرنگە بگەڕێتەوە کەرکووک، ئینجا چ جای حزبێکی وەک پارتی کە لە گۆڕەپانی کوردستان و عێراقدا ڕۆڵ دەگێڕێت، بەو ڕێژە و دەسەڵاتەی هەیەتی بێگومان گەڕانەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرە سەقامگیرییەک بۆ شارەکە بگەڕێتەوە و دەسەڵات و یاساش بگەڕێتەوە، ئەو حاڵەتە نائاساییەی هەیە، نامێنێت و دۆخەکە بەرەو ئاساییبوونەوە دەڕوات، جا ئەگەر خەڵکانێکیش بیانەوێت تێکی بدەن، ئەوە شتێکی دیکەیە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنێک لەبارەی ڕادەستکردنەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک، ژمارەیەک لە عەرەب و تورکمانە شۆڤێنییەکان لە دژی ئەو ڕێککەوتنە خۆپیشاندانیان کرد و گەڕانەوەی پارتییان بە گەڕانەوەی کورد بۆ کەرکووک ناساند، لە کاتێکدا بارەگای لایەنەکانی دیکەی کوردستانی لە کەرکووکدا هەیە.

حەشدی شەعبی بە زۆرەملێ پارە لە شۆفێری بارهەڵگرەکان دەستێنێت



چەکدارانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە زۆرەملێ پارە لە شۆفێرانی ئەو بارهەڵگرانە دەستێنن، کە بەرەو بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق، دەچن. بەپێی هەواڵێکی مالپەڕی غەد پرێس، چەکدارەکان بە جلی سەربازییەوە بازگەیان لەسەر ڕێگای ئیمام وەیس خانەقین / میقدادییە و بەعقوبە داناوە.

ئەو چەکدارانە، بە ئاگاداریی حکوومەت بڕی 50 هەزار دینار لە هەموو شۆفێرانی بارهەڵگرەکان دەستێنن، جگە لە سووکایەتیکردن پێیان. حەشدی شەعبی لە زیاتر لە 60 گرووپ و میلیشیای تائیفیی تووندڕەو پێک دێت، کە دوای هەرەسهێنانی سوپای عێراق و داگیرکردنی نزیکەی نیوەی خاکی ئەو وڵاتە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بە فەرمانی ئایەتوڵلا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق پێکهات. چەکدارانی ئەو میلیشیایانە، کە زۆرینەیان فەرمان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەردەگرن، گوێ بە هیچ یاسا و دابونەرێتێک نادەن و بە تووندترین و خراپترین شێوە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییانی عێراق، بەتایبەت پارێزگا سوننەنشینەکان، دەکەن. لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

لەوانەیە سزای زیاتر بەسەر ئابووری تورکیا بسەپێنین

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هێرشەکەی تورکیا لە باکووری سووریا دژی یاسا نێودەوڵەتییەکانە



هیکۆ ماس وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند: هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردووە. بەپێی هەواڵێکی دوێنێچەی ئەڵمانی، هیکۆ ماس وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند: بەرلین هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر کوردەکانی سووریا بە ناڕەوا دەبینێت و دژی یاسای نێودەوڵەتییە و لەوانەشە یەکێتی ئەوروپا سزای ئابووری زیاتر بەسەر تورکیا بسەپێنێت.

ماس لەبارەی هێرشەکەی تورکیاشەوە گوتی: ئەڵمانیا پاساوی تورکیا بۆ هێرشکردنەکەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕەتدەکاتەوە کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە دەسەڵات دەکرێت. هیکۆ ماس وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، ئاماژەی بەوەش دابوو کە ئەو هێرشەی تورکیا بۆ سەر کوردانی سووریا لە ژێر یاسای نێودەوڵەتییە وە هیچ ڕەواییەکی نییە، هاوکات هۆشداری دا بە حکومەتی تورکیا کە ئەڵمانیا لە نزیکەوە چاودێری ئەو ڕێککەتنە ئاگربەستە لاوازەیە کە لەلایەن ئەمەریکاوە نێوانگیری کراوە. ناوبراو هەروەها گوتیشی، ئێمە زۆر ڕوون بووین کە ڕێوشوێنەکان بە کراوەیی دەهێڵینەوە و لەوانەیە سزای زیاتر بەسەر ئابووری تورکیا بسەپێنین. جێگای ئاماژەپێدانە، لە دوای هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر کوردانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، وڵاتی ئەڵمانیا فروشتنی چەکی لە تورکیا قەدەغە کرد لەم کاتەدا و بەپێی ئاماژەکی سەرکەیی گرووپی فۆرسچونگسگەر، لەسەدا 91ی پەرلەمانتارانی ئەڵمانیا دژی نادنی چەکن بۆ تورکیا و لەسەدا 65پشتگیری سزای ئابووری دەکەن بەسەر تورکیا بەهۆی هێرشە قێزەونەکەی بۆ سەر کوردانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا.



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

جیهان و ئازاری نەتەوەیەک

هێشتا ژن و منداڵی سووتاوی کورد، هاوار دەکەن و جیهانیش گوێی لە هاوار و گریان و ئازارەکانی نەتەوەیەک نییە و رۆژ دوای رۆژیش ئازارەکانی ئەو نەتەوەیە گەورەتر دەبن، سەرئەنجام ئەو نەتەوەیەش پەرچەکرداری دەبێت، بە جۆرێک ئەگەر کورد سەقامیگری نەبێت، ناوچەکەش سەقامگیر نابێت.

گۆرانکارییەکانی ناوچەکە بە تایبەتیش لە دوای دەرکەوتن و قۆناغی سەرەتای کۆتاییهاتنی داعش، بە نیسبەت کوردەوە، ئەرێنی بوون، ئەگەرچی کورد ژمارەیەکی زۆری شەهید و قوربانی دا و بە خوێن ناوچەکەیەکی زۆریشی پاراست، بەڵام لەڕووە سیاسییەکەیەوە کورد قازانجی کرد بەوەی لە دوو بەشی کوردستاندا، پێشمەرگە و شەرڤانان شەڕی گەورەترین گرووپی تیرۆریستییان کرد تا ئاستی ئەوەی وڵاتان ئەگەر وەک موجامەلەش بووبێت، لەسەر شاشە جیهانییەکانەوە گوتیان جیهان قەرزاری کورده. دەی ئێستا پێویستە بڵێین جیهان شەرمەزاری کوردە!

لە شەڕی داعشدا تەواوی فۆکەسەکان لەسەر کورد بوون، ئەگەرچی دۆزی کورد، دۆزێکی نەتەوەییە و بە خاکەوە گرێدراوە، ئەوەی لە شەڕی داعشیشدا کردی، بەشێکی بۆ خۆی بووە، وەک بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی بەوەی ڕێگەی نەدا خاکەکەی داگیربکرێت، لەکاتێکدا نەتەوە و وڵاتەکانی دیکە، ئەمەیان نەکرد و گەورەشارێکی وەک مووسڵ و دەیان ناوچەی دیکەیان رادەستی چەند سەد چەکدارێکی داعش کرد، بەبێ ئەوەی پێنج سەعات شەڕی دژ بە داعش بکەن، بەڵام کورد لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستاندا بە خوێن ئەو شەڕەی کرد، ئەگەر ناوچەیەکیشی داگیر کرابێت، دواتر هەوڵی وەرگرتنەوەی داوە، لەبەر ئەوەی ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە زاکیرەی هەر کوردێکدا بەهێز بووە و ئێستاش هەمان ئیرادە هەیە. لە نموونەی شنگال و مەخمور و گوێر و کۆبانی و دەیان ناوچەی دیکە کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی داعش، بەڵام بەخێرایی ئازادکران. لەکاتێکدا کورد چەکی پێشکەوتوو و پارەی باشیشی نەبوو، بەپێچەوانەی سوپای ئەو دەوڵەتانەی لەبری ئەوەی شەڕ بە چەکەکانیان بکەن، بەپێچەوانەوە بە چەکی سوپا لە کورد و لە سوپاش درا، بەهۆی ئەوەی لە دوای خۆیانەوە هەرچی چەکوچۆڵیان هەبوو، ڕادەستی داعشیان کرد کە بووە هۆی بەهێزبوونی داعش.

بە درێژایی مێژووی دڕووستبوونی دەوڵەتی عێراق، لەو وڵاتە وێرانەیەدا، کورد دژایەتی زۆری کراوە، کوژراوە، ئەنفالکراوە، خاکی تەعریبکراوە، کیمیاباران‌کراوە، لەشکرکێشی کراوەتەسەر و هەموو ڕێگەیەکیشی لە دژی گیراوەتەبەر، بە ئامانجی بزرکردنی شوناس و ڕەسەنێتیی کورد لەسەر خاکەکەی خۆیدا، کە لە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتیدا لە بەرژەوەندی چەند وڵاتێکی ناوچەیی لە ئەنجامی بەرپرسانی وڵاتێکە بەراورد بە وڵاتانی دیکە.

هاوکات لە توێژینەوەکەی CREWـدا هاتووە، چوار ڕووداوی گرنگ کە پەیوەستە بە حکوومەتی تورکیا لە هۆتێلی ترەمپ لە واشنتن بەڕێوەچوون. هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە، ترەمپ بەرژەوەندی دارایی لە چەند وڵاتێکی دیکە هەیە، وەک ڕووسیا سعوودیە، ئەوەش وایکردووە چەندین جار دەستبەرداری هەڵوێستەکانی بێت بۆ بەرپرسانی ئەو وڵاتانە، ئەوەش بووەتەوە مایەی پرسیار کە ئایا سەرۆکی ئەمەریکا پۆستی سەرۆکایەتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنێت؟

سەرچاوە: k24

سالح موسلیم: داوا دەکەین تیمی پشکنینی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە چەکە بەکارهاتووەکانی تورکیا بکات

زۆر شت هەیە لەناو ڕێککەوتنەکەی ئەمەریکاو تورکیا قبوڵنەکراون و گەلەکەمان ڕەتی دەکاتەوە

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەیەدە ڕایگەیاند کە بەڵگە هەیە تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێناوە. لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، سالح موسلیم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەیەدە ڕایگەیاند کە مەبەستیان لە قبوڵکردنی ئاگربەست لەگەڵ تورکیا ئەوە بووە دەرفەت بۆ دانیشتن و ڕێککەوتن بڕەخسێت، بەڵام تورکیا پێشێلی ئاگربەستەکەی کردووە.



سالح موسلیم لەسەرەتای دیمانەکەدا لەبارەی ڕێککەوتنەکەی تورکیا و ئەمەریکا و ئاگربەستەوە ڕایگەیاندووە: بۆ ئەوەی دەرفەت بدەین بە دیالۆگ بۆ دانیشتن بۆ ڕێککەوتن و گفتوگۆ ئاگربەستمان قبوڵکردووە، بەڵام دوای ئەوەی تورکیا و ئەمەریکا ڕێککەوتن زۆر شت هەیە لەناو ئەو ڕێککەوتنە قبوڵنەکراون و گەلی ئێمە ڕەتی دەکاتەوە. پێویستە ئەم بابەتانە لێک جیابکرێنەوە کاتێک ئێمە ئاگربەستمان قبوڵکرد بۆ ئەوەی دیالۆگ بکرێت و ڕێگای دیالۆگ بەکاربێنن، بەڵام ئێستە تورکیا قبوڵی ناکات و نەشیهێشتووە ئاگربەستەکە سەربگرێت. ڕاشیگەیاند: لەدوای ڕێککەوتنەکەی تورکیا و ئەمەریکا شەڕ و هێرشەکانی تورکیا نەوەستاوە هەندێک سست بووە لەهەندێک شوێنی دەرەوەی سەرێکانی و تەلئەبیەز، بەڵام بڵێی ڕاوەستاوە ڕا نەوەستاوە بەردەوام تورکیا هێرش دەکەن بەڵام لەگەڵ ئەمەریکا چیان هەیەو چی لەنێوان ئەواندایە نازانم ئەوە بە ئێمە ناڵێن.

سووریا بە پراکتیکی هیچی بەرامبەر تورکیا نەکردووە

سەبارەت بە هەڵوێستی حکوومەتی سووریا لە ئێستادا بەتایبەت پاش ئەوەی ڕێککەوتنیان لەگەڵ سوپای سووریای ئازاد و کوردەکان بۆمبارانی گوندەکان دەکات و بابەتی کیمیایی هەیە کیمیا باران دەکات منداڵ پێوە دەبێت ژن پێوە ئەبێت بۆئەمەش دەبێت سنورێکی بۆ دابنێیت لەبەر ئەوە بۆ تاکتیک لەهەندێ گوند بکشێنەوە بۆ ئەمەش ئەوانە بابەتی سەربازین فەرماندەکانی هێزی سووریای دیموکرات بڕیار دەدەن.

بەڵگە هەیە کە تورکیا چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێناوە

دەربارەی ئەوەی ئایا بەڵگەیان هەیە تورکیا چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنابێت لەهێرشەکانیدا؟ سالح موسلیم دەڵێت: بەڵێ ئێستا لەهەندێ شوێن بەڵگە هەیە پزیشکەکانیش ئاماژەیان پێکردووە، بەڵام لەسەروو ئەوەشەوە ئێمە هی نێودەوڵەتیمان ئەوێت بانگەواز لەوان دەکەین ئەگەر هەڵەش نەبم هەندێک لەو بریندارانە ئێستە براونەتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بابەتە بوەستن تا بزانن چ جۆرە چەکێک بەکار هاتووە؟ ئەوەشی کە لەبەردەست پزیشکەکانی ئێمە هەیە تا ئێستە نەسەڵێنراوە ئەویش بەهۆی ئەو ئامێرانەی کە لەبەردەستدا هەن وەک پێویست نین لەبەر ئەوەش ئێمە بانگەوازیمان لە پزیشکی نێودەوڵەتیکرد بۆ ئەوەی بێن پشکنین بکەن لێکۆڵینەوە بکەن .

سووریا و تورکیا کۆبوونەوەیان هەیە بەڵام باسی چی دەکەن و بۆچیە؟ ئێمە نازانین

لەبارەی دەنگۆی ئەوەش کەوا سووریاو تورکیا بەنهێنی کۆبوونەتەوە، سالح موسلیم ڕایگەیاندووە: ئاگامان لێی نییە، بەڵام یەکترینیان هەیە، ئایا چیبکەن چی نەکەن؟ ئێمە نازانین بەڵام ئێمەش پەیوەندیمان لەگەڵ هەموولایەک هەیەو باشە، هەم بە ئەمەریکا هەم بە ڕووسیا و سووریا و هەموویان دەبینین، ئینجا چۆن پێکبێێن بەڕاستی ئێمەش نازانین.

لەکۆتاییشدا سەبارەت بەوەی وەفدێکی پەیەدە و کوردانی سووریا کە سالح موسلیم یەکێکە لە ئەندامەکانی لە ئێستادا لە ئەمەریکان؟ سالح موسلیم دەڵێت: نەخێر شتی وانییەو منیش لەوێ نیم، بەڵام "هەڤاڵ ئیلهام ئەحمەد" کە نوێنەری ئێمەو نوێنەری خۆسەرییە لەوێیە.

سەرۆکی ئەمەریکا بەرژەوەندی تایبەتی ئابووری لەگەڵ تورکیا هەیە

ترەمپ پەیوەندی تۆکمەی بازرگانی لە تورکیا هەیە و ناتوانێت دەستبەرداری بێت

تاوەرەکانی ترەمپ لە ئیستانبوڵ داهاتی باش بۆ کۆمپانیای ترەمپ بەدەست دەهێنن



دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناکاو پشتی لە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کرد کە هاوپەیمانی سەرەکی بوو لە شەڕی تێکشکاندنی داعش و گلۆپی سەوزی بۆ ئەردۆغان پێکرد بۆ ئەوەی ناوچەی ئارام دروستبکات، ئەوەش بووە هۆی دڕووستبوونی ڕەخنەی زۆر لە دژی ئەمەریکا. هاوکات سەرکەوتنێکی جیۆسیاسیش بوو بۆ هاوپەیانە دێرینەکەی ئەمەریکا کە ڕووسیایە، هەروەها بەو پشتکردنە قەیرانی مرۆیی سووریای قوولتر کردەوە و جارێکی دیکەی دەرگای لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی داعش کردەوە.

بەڵام ئەوەی بووەتە مایەی پرسیار ئەوەی چۆن ئەمەریکا پشتی ئەردۆغانی گرت و دەستبەرداری باکووری ڕۆژئاوای کوردستان بوو، کە بەهێزەوە دووچاری چەندین ڕەخنەی ناوخۆیی و دەرەکی بووەوە. بەرپرسانی باڵا لە هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی لە ناوخۆی ئەمەریکا دەڵێن، ئەو هەڵسوکەوتەی ترەمپ جگە لە زیان هیچ دەستکەوتێکی بۆ واشنتن نییە. کریس مۆرفی سیناتۆری ئەمەریکا ئاماژە بەوەدەدات، ئەستەمە هەڵسوکەوتی ترەمپ بخوێندرێتەوە، بۆیە بە دوای خوێندنەوەی دیکەین کە ئەویش ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی دووچاری بەریەککەوتن بێتەوە. دۆناڵد ترەمپ ئەوکات گوتی: کەمێک بەریەککەوتن هەیە لە بەرژەوەندییەکانی، چونکە بنکەیەکی سەرەکی هەیە لە ئیستانبوڵ، ئاماژەی بەوەدا "کارێکی زۆر سەرکەوتووە، لە ڕاستیدا ناویان تاوەرەکانی ترەمپە – دوو تاوەرن لە بڕی یەک تاوەر، دوو تاوەرن".

تاوەرەکانی ترەمپ لە ئیستانبوڵ داهاتی باش بۆ کۆمپانیای ترەمپ بەدەست دەهێنن کە بەشێکن لە ڕێکخراوی ترەمپ. هاوکات ئیڤانکا ترەمپ، کچی سەرۆک و هاوکات ڕاوێژکارە لە کۆشکی سپی، ساڵی 2012 بۆ دامەزراندنی تاوەرەکانی ترەمپ سەردانی ئیستەنبوڵیان کرد. دوای ئەوە ئیڤانکا ڕاستەوخۆ لە تویتێکدا سوپاسی ئەردۆغانی کرد و ترەمپیش چەندین جار ئەوە دووپات دەکاتەوە.

هەروەها ساڵی 2016 ئەردۆغان داوای کرد ناوی ترەمپ لەسەر تاوەرەکان لابدرێت، کە ئەو کات کاندیدی سەرۆکی ئەمەریکا بە دژایەتی ئیسلام تۆمەتبارکرد، و ترەمپیش لە وەڵامدا لە میانی فراوانی بازرگانی لە تورکیا هەیە، کە لە ساڵی 2015 ترەمپ لە لیدوانێکی بۆ پرێتپارت ڕایگەیاند ئەگەری هەیە بەرژەوەندییەکانی دووچاری بەریەککەوتن بێتەوە. دۆناڵد ترەمپ ئەوکات گوتی: کەمێک بەریەککەوتن هەیە لە بەرژەوەندییەکانی، چونکە بنکەیەکی سەرەکی هەیە لە ئیستانبوڵ، ئاماژەی بەوەدا "کارێکی زۆر سەرکەوتووە، لە ڕاستیدا ناویان تاوەرەکانی ترەمپە – دوو تاوەرن لە بڕی یەک تاوەر، دوو تاوەرن".

تاوەرەکانی ترەمپ لە ئیستانبوڵ داهاتی باش بۆ کۆمپانیای ترەمپ بەدەست دەهێنن کە بەشێکن لە ڕێکخراوی ترەمپ. هاوکات ئیڤانکا ترەمپ، کچی سەرۆک و هاوکات ڕاوێژکارە لە کۆشکی سپی، ساڵی 2012 بۆ دامەزراندنی تاوەرەکانی ترەمپ سەردانی ئیستەنبوڵیان کرد. دوای ئەوە ئیڤانکا ڕاستەوخۆ لە تویتێکدا سوپاسی ئەردۆغانی کرد و ترەمپیش چەندین جار ئەوە دووپات دەکاتەوە.

هەروەها ساڵی 2016 ئەردۆغان داوای کرد ناوی ترەمپ لەسەر تاوەرەکان لابدرێت، کە ئەو کات کاندیدی سەرۆکی ئەمەریکا بە دژایەتی ئیسلام تۆمەتبارکرد، و ترەمپیش لە وەڵامدا لە میانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بانگەشەی ئەوەی دەکرد ڕێگری لە هاتنی موسڵمانان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکرێت.

هاوکات ترەمپ مۆڵەتی وەرگرتنی ناوی بۆ سەر تاوەرەکانی وەرگرت، بەوەی 1 ملیۆن دۆلاری لە کۆی 5ملیۆن دۆلار بۆ خاوەنداری لە ساڵانی 2015و 2016 دابینکرد. هەروەها 100,001 بۆ 1 ملیۆن دۆلاری لە ساڵانی 2017 و 2018 تەرخانکرد بۆ شاردنەوەی گەندەڵییە دارایەکانی.

بەشێکی دیکەی تاوەرەکە لە لایەن جەمسەری سەرمایەداری تورکی ئایدن دۆغان خاوەندارە دەکرێت، کە بای 400ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی لە ترەمپ تاوەر کردووە، ترەمپ با هاوڕێیەکی گرنگ وسفی دەکات. دۆناڵد ترەمپ پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ محەمەد عەلی یەلسنداغ هەیە، کە زاوای دۆغانە و سەرۆکایەتەی ئەنجوومەنی کاری تورکی ئەمەریکی (TAIK) دەکات.

بە گوێرەی هەواڵی NBC نیوز لە ساڵی 2017، TAIKکۆنفرانسێکی لە هۆتێلی ترامپی نێودەوڵەتی لە واشنتنی پایتەختی ئەمەریکا بەست، کە وێلبەر ڕۆس وەزیری بازرگانی ئەوکات ئاماژەی کۆنفرانسەکە بوو.

لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ڕابردوو یەلسنداغ لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند، هیواخوازن دۆناڵد ترەمپ بڕیاری گرنگ بدات بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەهێز بێت بۆ چارەسەرکردنی دۆسیە هەرێمییەکان و کێشەکانی پەیوەست بە سنووری (سووریا و تورکیا)، ئاماژەی بەوەشدا سەرمایەداران ئامادەن کاربکەن بۆ ڕەواندنەوەی دۆڕاوکێکان لە نێوان ئەنقەرە و واشنتن.


سەرەڕای ئەوانە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا 119 پرۆژەی هاوبەشی لە تورکیا هەیە و زۆربەی هاوبەشە بازرگانییەکانی لە جیهان لە تورکیایە. بە گوێرەی توێژینەوەکانی CREW کە بۆ NBC نیوز ئەنجامیداوە، بەرپرسانی تورکیا 14 جار سەردانی خانووبەرەی ترەمپیان کردووە ئەوەش زۆرترین سەردانی بەرپرسانی وڵاتێکە بەراورد بە وڵاتانی دیکە.

هاوکات لە توێژینەوەکەی CREWـدا هاتووە، چوار ڕووداوی گرنگ کە پەیوەستە بە حکوومەتی تورکیا لە هۆتێلی ترەمپ لە واشنتن بەڕێوەچوون. هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە، ترەمپ بەرژەوەندی دارایی لە چەند وڵاتێکی دیکە هەیە، وەک ڕووسیا سعوودیە، ئەوەش وایکردووە چەندین جار دەستبەرداری هەڵوێستەکانی بێت بۆ بەرپرسانی ئەو وڵاتانە، ئەوەش بووەتەوە مایەی پرسیار کە ئایا سەرۆکی ئەمەریکا پۆستی سەرۆکایەتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنێت؟

سەرچاوە: k24

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/10/22 ژمارە (5854)
خەبات

پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێشوازی لە شاندێکی دەزگای کۆنراد ئەدێناوەر شتیفتۆنگ دەکات



شاندێکی دەزگای کۆنراد ئەدێناوەر شتیفتۆنگ/ ئەڵمانیای فیدراڵ سەر بە پارتی کریستیان دیموکراتی فەرمانڕەوا کە پێکهاتبوو لە بەرپرسان: گریگۆر یاکی، سەرۆکی ئۆفیسی سووریا و عێراق لە بەشی ئەوروپا و هاوکاری نێودەوڵەتی دەزگای کۆنراد ئەدێناوەر شتیفتۆنگ- ئەڵمانیای فیدراڵ خۆشحاڵی خۆی بە بەردەوامیدان بە دیدار و کۆبوونەوە و هاوکاری و هەماهەنگی دەزگاکەیان لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربڕی و هیوای خواست بە هاوکاری و پشتیوانی هەردوو لا و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی دیسکی ئەوروپای پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشوازی کران.

لە دیدارەکە دا سەرۆکی ئۆفیسی سووریا / عێراق لە دەزگاکانی دەزگاکەی بۆ هەرێمی کوردستان لە بواری جیاجیاکان دا خستەڕوو و ڕایگەیاند دەزگاکەیان و پارتی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانیا بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەن ئەو پڕۆژانەی لە بواری توانا سازی و کۆنفرانس و هاوکاری و گەشەپێدان بۆ خزمەتی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان کە لە پلانی ئۆفیسەکەیاندایە لە هەرێمی جێبەجێ بکەن کە ماوەیەکە دەستیانکردووە بە جێبەجێکردنی بەشێک لە کار و چالاکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان.

هوشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) وێڕای بەخێرهێنانی شاندی کۆنراد ئەدێناوەر شتیفتۆنگ وگرنگی بەردەوامیدان بە دیدار و کۆبۆنەوەی هاوبەش لە نێوانیان دا هەروا ستایشی هاوکاری و پشتیوانی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسی و ئابووری و مرۆیی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی کرد لە دەزگاکەیان پڕۆژەکانیان لە هەرێمی کوردستان فراوانتر بکەن و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی نێوان هەردوو لا ببێتە مایەی گەشەپێدانی زیاتری پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کریستیان دیموکراتی فەرمانڕەوای ئەڵمانیای فیدراڵ. سەرۆکی شاندەکە هەروا پڕۆژەکانی دەزگاکەی بۆ هەرێمی کوردستان لە بواری جیاجیاکان دا خستەڕوو و ڕایگەیاند دەزگاکەیان و پارتی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانیا بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەن ئەو پڕۆژانەی لە بواری شەڕ و ئاوارەبوونی خەڵکی سڤیل و ڕێگریکردن لە شەڕ و قەیرانی سیاسی لە ناوچەکە دا. هەرێمی کوردستان بە چاوڕێزەوە لە پشتیوانییەکانی ئەڵمانیای فیدراڵ لە شەڕی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش دەڕوانێ و هیواخوازە وەک هاوبەشێکی گرنگ لە پشتیوانییەکانی سیاسی و سەربازی بۆ هەریم بەردەوام بێت کە هێشتا مەترسییەکانی تیرۆریستی و هێرش و پەلامارەکانی داعش بۆ سەر خەڵکی سڤیل و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە هەرماوە.

هوشیار سیوەیلی سوپاس و ستایشی گرنگیدانی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی کرد بە هەرێمی کوردستان و بۆ درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی سەربازی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری و پشتیوانی و مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگەتی کوردستان بۆ بنبڕکردنی تیرۆر و تووندرەوی و ڕێگریکردن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی مەترسییەکانی تیرۆریستی لە ناوچەکەدا.

تەمپ ریسەکەی ئەردۆغان دەکاتەوە خوری

لێندسی گراهام: ناوچەیەکی ئارامی بێ چەک لە نێوان تورکیا و کورد دروست دەکەین



K24: لێندسی گراهام، سیناتۆری دیاری کۆمارییەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ناوچەی ئارام لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی دەبێت و ئەوان لەگەڵ کورد ناوچە نەوتییەکان دەپارێزن و ناهێڵن بکەونە ژێر دەستی ئێران و ئەسەد. گراهام لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی "فۆکس نیوز"ی ئەمەریکی ئاشکرای کرد، کە شەوی یەکشەمە لەگەڵ تەمپ کۆبوونەوەتەوە و گەشبین بووە، کە چارەسەرێکی سیاسی میژوویی لە سووریا بەدیدێت، کە دەمێکە ئێمە چاوەڕێین و گوتی: ناوچەیەکی ئارامی بێ چەک لە نێوان تورکیا و کورد دروست دەکەین، کە ئاسمانەکەی لە ژێر کونترۆلی ئێمەدا دەبێت و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەڕێوەدەبرێت. گراهام گوتیشی: تەمپ ڕێزی هەبوو بۆ هاوکاری کورد و قوربانیانی لە شەڕی دژی داعش و دەیەوێت دڵنیا بێت، کە داعش سەرهەڵناداتەوە، بۆ ئەمەش لە هەماهەنگی لەگەڵ کورد بەردەوام دەبین، چونکە بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمەریکا دەپارێزێت. هەروەها ئاشکراشیکرد، "تەمپ دەیەوێ بە هاوکاری کورد ناوچە نەوتییەکان بپارێزێت و ببووژێنێتەوە، کە داهاتەکەی بۆ کورد بێت، وەکو پاداشت بۆ ئەو شەڕەی کە لەگەڵ ئێمەیان دژی داعش کرد، هەروەها نابێ ئەو ناوچانە بکەونە ژێر دەستی ئەسەد و ئێران و داهاتەکەیان بۆ ئەوان بچێت.

لێندسی گراهام جەختی لەسەر پشتگیریکردنی کوردیش کردەوە و گوتی: ئەگەر ئێمە پشت لە کورد بکەین، بێگومان داعش جارێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە. ئەمەش لەکاتێک دایە، تورکیا بوونی هەر هێزێکی دیکە جگە لە سوپاکەی و گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکانی لەو ناوچەیە ڕەتدەکاتەوە، کە بانگەشە بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارامی لێ دەکات.

ڕۆلف موتسنیش ئەردۆغان بە ئاشکرا پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی دەکات



ڕووداو: سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سۆسیال دیموکراتەکان لە پەرلەمانی ئەڵمانیا داوا دەکات سکالا لە سەر سەرۆککۆماری تورکیا تۆماربکرێت. ڕۆلف موتسنیش، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سۆسیال دیموکراتەکان لە پەرلەمانی ئەڵمانیا بە میدیای ڕاگەیاند، پێویستە ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان ببڕێتە بەردەم دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان و داواش دەکات سەرۆککۆماری تورکیا لە دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان سکالای لەسەر تۆمار بکرێت. موتسنیش دەشڵێت، ئەردۆغان بە ئاشکرا پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی دەکات.

سەرکردەیەکی شیعە: هەموارکردنی دەستووری عێراق مەحاڵە

سەرکردەیەکی باڵای شیعەکانی عێراق هەمارکردنەوەی دەستووری عێراق بە «نزیکتر ل مەحاڵ» دادەنێت. بەهای ئەعرەجی، سەرکردەی ڕەوتی سەدر و جێگری پێشووی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، ئەگەر سێ پارێزگا هەموارکردنەوەی دەستوور ڕەت بکەنەوە، ئەوا ئەو هەموارکردنەوەیە شکست دەهێنێت، بۆیە مەحاڵە دەستوور هەموار بکرێتەوە ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی پێشوەختە نەکرێت. بەها ئەعرەجی پێی وایە کێشە لە دەستوورەکە نییە، کێشە لە جێبەجێکردن و شیکردنەوەی ماددەکانییەتی. دەستووری عێراق لە ساڵی 2005 لەلایەن زۆرینەی هاوواڵتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە و بەپێی دیباجەی دەستوورەکەش، مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەو دەستوورە. لەو دەستوورەدا، چەندین ماددە بۆ پێدانی مافە ئابووری، سیاسی و نەتەوەییەکان بە گەلی کوردستان دانراون و گرنگترینیان ماددەی 140ـە، کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوە و سەرژمێریکردن و ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بڕیار لە مانەوە لەژێر دەسەڵاتی عێراق یان لکاندنیان بە هەرێمی کوردستان، بدەن.

هەرچەند حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق پابەندی ئەو دەستوورە نەبوون و مافەکانی گەلی کوردستانیان پێشێل کردووە، بەڵام شۆڤینییەکانی عێراق هەوڵی هەموارکردنەوەی ئەو دەستوورە دەدەن، بۆ ئەوەی هیچ ماددەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان نەهێڵن.

لە مەغریب دژی لەشکرکێشیی تورکیا گردبووەوەیەک ساز کرا



چالاکوانانی ئەمازیغی لە پایەتختی مەغریب، بۆ پشتگیری لە ڕۆژئاوای کوردستان، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایییان لە پێش باڵیۆزخانەی تورکیا ساز کرد. بەپێی زانیاریی تۆڕە کۆملایەتییەکان، چالاکوانان و ڕۆشنبیرانی ئەمازیغی لە شاری ڕیباتی پاتیەختی مەغریب و لە پێش باڵیۆزخانەی تورکیا لەدژی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایییان ئەنجام دا. لەو گردبوونەوەیەشدا ڕەوەندی کوردی لە وڵاتی مەغریب ئامادەی بوون.

شەش وڵاتی کۆمەکبەخش لە هاوکاریکردنی عێراق پەشیمان دەبنەوە

شەش وڵاتی کۆمەکبەخش لە هاوکاریکردنی دارایی عێراق پەشیمان دەبنەوە و هۆکارەکەی ئاشکرا دەکەن. ماڵپەڕی سۆمەریییە نیوز لە زاری بەرپرسێکی حکوومەتی عێراق باڵاوی کردووەتەوە، کە شەش دەوڵەتەکە هۆکاری پەشیمانبوونەوەکەیان بۆ باڵاوبوونەوەی گەندەڵی و نەبوونیپلانێکی تۆکمە بۆ خەرجکردنی پارەکان بۆ پرۆژەکان، گەڕاندووەتەوە.

ئەو بەرپرسە ئاماژەی بە پێویستیی عێراق بە 80 تا 90 ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی 180 شار و شارۆچکەی پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک، دیالە، سەڵاحەدین، ئەنبار و بابل، کردووە. کۆنگرەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، کە لە ڕۆژی دووشەمە 2018/2/12 لە کوێت دەستی بە کارەکانی کرد و سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، لەلایەن عێراق، کوێت، یەکێتیی ئەورووپا، نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی دەکرێت و عێراق خوازیار بوو تێیدا 100 ملیار دۆلار وەک کۆمەکی نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت.



ئەوەی لە شەقام ڕووەدات گوزارشتکردنە لە ئێش و ئازاری خەڵک

سەرۆکی لوبنان، میشێل عەون: پێویستە نهێنی لەسەر هەژماری بانکی بەرپرسان هەڵبگیرێت

سەرۆکی لوبنان، میشێل عەون داوی کرد نهێنی لەسەر هەژماری بانکی بەرپرسانی وەزارەتەکان هەڵبگیرێت. لە کۆبوونەوەی حکوومەتدا کە لە کۆشکی سەرۆکایەتی بعەبدا بەڕێوەچوو، میشێل عەون گوتارێکی پێشکەشکرد. لە کۆبوونەکەدا سەرجەم وەزیرەکان ئامادەن جگە لە وەزیری کاروباری ئافرەتان، ڤیۆلێت خەیرووڵا سفەدی و وەزیرانی سەربە پارتی هێزەکانی لوبنان. زاندراوە لە کۆبوونەکەدا ئەو پێشنیازە دەخرێتە بەرباس کە سەرۆکوەزیران، سەعد حەریری بە ئامانجی ئەنجامدانی چاکسازیی و چارەسەرکردنی ڕەوشی ئابووری پێشکەشی کردووە. سەرۆکی لوبنان، میشێل عەون گوتی: ئەوەی لە شەقام ڕووەدات گوزارشتکردنە لە ئێش و ئازاری خەڵک، بەڵام تۆمەتبارکردنی هەمووان بە گەندەڵی تیادا ستەمێکی گەورەیە. گوتیشی: لەبەر ئەوە پێویستە نهێنی لەسەر هەژماری بانکی بەرپرسانی وەزارەتەکان هەڵبگیرێن. جێی باسە لە ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردووە لە لوبنان دژبە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ سەپاندنی باج بەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وتەسەپ، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی ئەنجام دەدرێت کە تا ئێستا بەردەوامە. بە هۆی خۆپیشاندانەکانیشەوە تا ئێستا، ژمارەیەک وەزیر لە حکوومەتەکەی سەعد حەریری دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.

لە مێژووی کوردستاندا حوجرەکان مەڵبەندی پەروەردەی ئایینی و نیشتیمان پەروەری بوون



دوێنێ دووشەممە بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی د.دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی دیوان کۆبوونەوەکی تایبەت بە بەرپرسانی حوجرەکانی فەقێیان سەرجەم ئەوقافەکان بەڕێوەچوو .

سەرەتا وەزیری ئەوقاف بەخێرهاتنی هەموو لایەک کرد رایگەیاند کە یەکێک لەبەرنامە گرنگەکانی وەزارەتی ئەوقاف لە چوار ساڵی ئایندەی کارکردندا بەرەو پێش بردنی حوجرەکانی فەقێیان و بەرەودان بەتواناکان و دەستەبەر کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی حوجرەکان وێرای کردنەوەی خولی پەرەپێدان بۆ مامۆستایان و بەرەوپێش بردنی جۆریەتی خوێندن و گرنگی دانی پێویست بەبابەتە شەرعیەکان .

وەزیری ئەوقاف تەئکیدی کردەوە کەکاری بەردەو پێش بردنی حوجرەکان پڕۆژەیەکی پێکەوەییە بۆیە هەموو بەرپرسانی راسپارد کە پێشنیاری گرنگ و بەرهەمدار بۆ بەرەوپێش بردنی جوجرەکان ئامادە بکەن لەکاتێکی دیاری کراودا.

پشتیوانی وەزارەتی دووپات کردەوە بۆ جێ بەجێ کردنی پێویستی و پشتیوانی بەئامانجی بردودان بەرەو پێش بردنی حوجرەکانی فەقێیان لەهەرێمی کوردستان.

نرخی خانووە زێدەڕۆکان کەم کراوەتەوە

ئەندامێکی لیژنەی شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی، دوێنێ راپۆرتی کۆتایی لەبارەی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکانەوە ئامادە کرا و لەم هەفتەیەشدا پەرلەمان دەیخاتە بەرنامەی کارەوە بۆ پەسەندکردن.

شوان زرار، رایگەیاند، دوێنێ هەردوو لیژنەی شارەوانی و یاسایی راپۆرتی کۆتایی لەبارەی پڕۆژەیاسای تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان تەواو دەکەن و دەیدەنە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بیخەنە بەرنامەی کارەوە و پەسەند بکرێت.

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی، ئەم هەفتەیە پڕۆژەیاساکە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە و پەسەند دەکرێت.

ناوبراو دەشڵێ: گۆڕانکاری لە نرخی تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان کراوە و سەرقاڵێن لەراپۆرتی کۆتایید جێگیری بکەین، هەروەها نرخەکانیش کەم کراونەتەوە و تا جێگیر نەکرێت باسی ناکەین.

ئەگەر پڕۆژەیاساکە پەسەند بکرێت، لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 200 هەزار خانوو تاپۆ دەکرێن.

پرسەو سەرەخۆشی

هەڤاڵی بەڕێز جەوهەر عەلی عەزیز

خەمباربوون بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو کەبیر عەلی عەزیز.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و خانەوادەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەڤاڵی بەڕێز سەربەست دێوالی دۆسکی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی گوهدار دێوالی دۆسکی برای بەڕێزتانمان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی خانەوادەکەتان و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

هەولێر.. شوێن بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا دابینەدەکرێت



لە سنووری پارێزگای هەولێر وەک قۆناغی یەکەم شوێن بۆ حەواندنەوەی ژمارەیەک ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان ئامادەکراوە.

بەرپرسێکی دیوانی پارێزگای هەولێریش دەڵێ: ئەگەر ئاوارەیەکی زۆر ڕوو لە هەولێر بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش کەمپی نوێ دەکرێتەوە.

ڤیان ڕەشید، بەرپرسی سەنتەری قەیرانەکانی دیوانی پارێزگای هەولێر، بە وتی: دوای ئاڵۆزییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکوەزیران، پارێزگای هەولێر کەوتە خۆئامادەکردن بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و هەموو ئامادەکارییەک کراوە بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنی هەر ئاوارەیەکدا هاوکاری بکرێت.

بەرپرسی سەنتەری قەیرانەکان لە پارێزگای هەولێر گوتی: تا ئێستا هیچ ئاوارەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان نەگەیشتووەتە سنووری پارێزگای هەولێر و هەموویان لە دهۆک نیشتەجێ کراون، بەڵام وەک سەرەتایەک شوێنی حەواندنەوەی 300 خێزان ئامادە کراوە و هەرکاتێک ئاوارە بگەنە هەولێر تێیدا جێگیر دەکرێن.

لەبارەی دروستکردنی کەمپی نوێوە، ڤیان ڕەشید بەرپرسی سەنتەری قەیرانەکان لە پارێزگای هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: بۆ دروستکردنی کەمپ کێشەی نەبوونی زەوییان هەیە، بەڵام ئەگەر بێت و ڕێژەیەکی زۆر ئاوارە بگاتە هەولێر ئەوە بێگومان لەگەڵ ڕێکخراوە هاوکارەکان دەست بە دروستکردنی کەمپی نوێ دەکەین.

زانکۆی سەلاحەدین گرێبەستی نوێکردنەوەی کارکردن لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئیراسمۆس پلەس واژۆدەکات

لە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، دکتۆر جەوهەر سەرۆکی زانکۆ بە وەکالەت پێشوازی لە شاندێکی تایبەتی زانکۆی سیرل وەمیتۆدا ـ ی ولاتی سلۆڤاکیا کرد، کە ئامانج لە سەردانەکەیان نوێکردنەوەی گرێبەستی زانکۆی سەلاحەدین بوو لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئیراسمۆس پلەس.

لە دیدارەکەدا کە هەریەکە لە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و تۆێژینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تێیدا ئامادەبوون، سەرۆکی زانکۆ بە وەکالەت خۆشحالی خۆی دەبڕی کە دەرفەتی ئەوە دروست بووە پەیوەندییەکان گرنگیەوە لە پەیوەندیە ئەکادیمیەکانیان دەروانن لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیی هەموو جۆرە هاوکاری و هەماهەنگی و کاری هاوبەشیان دەربڕی.

لە دیدارەکەی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی سیرل وەمیتۆدا ـ ی سلۆڤاکی، بە چری تاوتوێی کردنەوەی بەشی ئەنترۆپۆلۆجیان کرد لە زانکۆی سەلاحەدین، لەم چوارچێوەیەدا چەندین پێشنیاری زانستی و پراکتیکی خرانەروو بۆ چۆنیەتی کردنەوەی ئەو بەشە و کارکردنی لەسەر پەرەپێدانی بواری ئەنترۆپۆلۆجی لە زانکۆی سەلاحەدین. لەم چوارچێوەیەدا بڕیاردرا ستافێکی پسپۆر لەم بواره لەنێوان هەردوو زانکۆ کۆببنەوە بۆ ئەوەی ووردەکاری کردنەوەی ئەو بەشە بەشێوەیەکی زانستی تاوتوێ بکەن.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا، سەرۆکی زانکۆ بە وەکالەت نوێکردنەوەی گرێبەستی زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ زانکۆی سیرل وەمیتۆدا واژۆکردەوە لە چوارچێوەی کارکردن لە پرۆگرامی ئیراسمۆس پلەسی یەکێتی ئەوروپا .

لە چەند ڕۆژێکی داهاتوودا ڕێنماییەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بڵاودەکرێنەوە

وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە پێنجەمین خولی دەرچووانی زانکۆی گەرمیان ڕایگەیاند: لە ماوەی 100 ڕۆژی ڕابردوودا هەنگاوی گرنگمان ناوە بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی ڕاستەقینە لە بواری خوێندنی باڵا، کارمان کردوە بۆ ڕەخساندنی زیاتری دەرفەتی خوێندنی بۆ گەنجانی ولاتەکەمان و چەسپاندنی بنەماکانی دەرفەتی یەکسان و کەمکردنەوەی کرتیی خوێندن لە زانکۆکان.

لە وتەکەیدا د. ئارام محمد قادر ڕوو لە دەرچوانی زانکۆی گەرمیان ڕایگەیاند: سەربەرزم ئەمڕۆ لە گەرمیانی لانکەی خەبات و دڕێژەپێدانی کوردایەتی و مەڵبەندی ئەنفال و قوربانیدان شۆڕشگێڕی و لە ڕێوەرسمی دەرچوانی پێنجەمین خولی زانکۆکەتان خولی زانست... بەرخودانە... ژیانە بەشدارین. بۆ ئەمەش وتی: ئاهەنگی دەرچوونی ئەم گەنجانە هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕبونی 100 ڕۆژ بەسەر دەستبەکاربونی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەو ماوەیەدا جێگەی شانازییە چەندین هەنگاوی گرنگان ناوە، لە هەنگاوی یەکەمدا بڕیارمان دا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران بە ڕێژەی 45 بۆ هەموو زانکۆ حکومییەکان و هەموو قۆناخەکانی خوێندن، هەروەها بڕیارماندا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە سەرجەم زانکۆ تایبەتەکانی کوردستان بە ڕێژەی 25 بۆ هەمو بوارەکان و قۆناغەکانی خوێندن، هەروەها ئەمساڵ بۆ یەکەمینجار توانیمان زۆرترین ڕێژەی دەرچووان لە کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆ حکومییەکان وەربگرین،

هەر ئەمڕۆ 1579 قوتابی دیکە لە ئەنجامی پێشکەشکردنی سکاڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگیران، بەمەش هیچ دەرچوویەکی ئامادەیی لەدەرەوەی پلانی وەرگرتندا نەماوەتەوە.

سەردانی پاسپۆرتی سلێمانی بکەن

پاسپۆرتی سلێمانی هاوواڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە



بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی ، ئاگاداری ئەو هاوڵاتیانە دەکات کە پاسپۆرتەکانیان تەواو بووە بە زووترین کات سەردانی پاسپۆرتی سلێمانی بکەن بۆ وەرگرتنەوەی پاسپۆرتەکانیان، چونکە لە ئێستادا 220 هەزار پاسپۆرتی هاوڵاتیان تەواوبووە و نەهاتوون بۆ وەرگرتنەوەی. ڕاشیدەگەیەنن ، دەوامی ڕۆژانە لە کاتژمێر 8:00ی بەیانی تاکو 3:00ی دوای نیوەڕۆیە ، وە ڕۆژانی پێنج شەمە تا کاتژمێر 2:00ی دوای نیوەڕۆیە ، پێویستە هاوڵاتی پێش کاتژمێر 1ئامادەبێت لەبەر ڕەچاوکردنی ڕێکخستنی کاروبارەکانمان.





ئەندازەی پارکەکانی هەولێر 30 هەزار داری چاند

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر: هەڵەتەکانمان بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی بەردەوام دەبێت

ڕاپۆرت: سەید فاتیح بەرزنجی

لەماوەی ئەو چەند ساڵانەی دواییدا بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر ژمارەیەک پارک و باخچەی لە نێو گەڕەکانی شاری هەولێر دروستکرد، جگە لەوەش هەوڵیدا هەموو ناوەندە شەقامەکانیش سەوزو جوان بکات، ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر دەڵێت: هەموو کاتێک هەوڵەکانمان لە پێناو زیاد کردنی ڕێژەی سەوزایی بووە ئەویش بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی ئەندازیاران و کارمەندە دڵسۆزەکانی ئەندازەی پارکەکان بووەو هەوڵیشماندواوە هەموو ناوەندە شەقامەکان سەوز بکەین و ساڵانەش چەندین هەڵمەتی نەمام چاندن و گوڵ چاندن ئەنجام دەدەین تا سیمای پایتەخت ڕازاوەتر بێت.



هەڵمەتێک بۆ چاندنی 30 هەزار نەمام

هەر شەقامێکی تازە دروست بکرێت تیمەکانی ئەندازەی پارکەکان هەوڵی چاندنی نەمامی بۆ دەدەن، دەربارەی دواین هەڵمەتی نەمام چاندن لەشەقامی هەولێر ژ مەخمور ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر گوتی: ساڵانە چەندین هەڵمەتی نەمام چاندن لە شوێنە جیاجیاکانی هەولێر ئەنجام دەدەین وەک هەڵمەتی نەمام چاندن لە شەقامی هەولێر-مەخمور کە ماوەیەکی زۆربوو ئەو شەقامە پێویستی بە چاندنی نەمام و سەوزکردن هەبوو، ئەوەبوو بەهەوڵ و کۆششی ئەندازەی پارکەکان توانرا شەقامی مەخمور بەچاندنی نەمام جوان بکەین ئەو شەقامە ماوەیەک بوو لە سەوزایی بێبەش کرابوو ئێمە هەوڵماندالە شەقامەکە 30 هەزار نەمام بچێنین ئەویش بە پاڵپشتی و هاوئاهەنگی وەزارەتی شارەوانی و چەند شارەوانییەکی ناو گەڕەکان و لە پلان و بەرنامەشدایە ژمارەیەک پارک و باخچە لە هەولێر دروست بکەین بەبێ جیاوازی وهەڵمەتی ئەمجارە لەشەقامی 100 مەتری دارو نەمام چاندراوە تا گەڕەکی مامزاوە جگە لەوەش هەوڵماندراوە ناوەندە شەقامەکانیش سەوزبکەین ئەگەرچی ئەو شوێنە ناوچەی پیشەسازی باشوورەو هاوواڵاتیان بەردەوام گلەیی لە پیسبوونی ژینگەی ئەو شوێنە دەکەن بەهۆی هەبوونی دەیان کارگەی جۆراوجۆرو زۆرجار ژینگەی ئەو ناوچەیە تەپ و تۆزاویەو چاندنی نەمام و دروستکردنی پارک و باخچە بۆ ئەو ناوچەیە زۆر گرنگە، بۆیە ئێمە بەدرێژایی 5 کیلۆ مەتر لەناوەندە شەقامەکە نەمام چاندران ئەگەرچی لەکاتی نەمام چاندن چەندین کێشەو کەموکوڕی هاتە بەردەمی کارەکانمان، بەڵام هەوڵماندا هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین و داری تەسبیح و سنەوبەرو ئەدۆنیا لەلایەن کارمەندانەوە بەجوانی خزمەت دەکرێت و ئاودانی بەردەوامی بۆ دەکەن و ئەو دارونەمامانەش بەرهەمی نەمامگەکانی خۆمانە.

هەڵمەتی دیکەی نەمام چاندن لەبەرنامەدایە

دواتر ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر دەربارەی هەڵمەتی دیکەی نەمام چاندن ڕووندەکردەوە: بۆ زیاتر گرنگیدان بەو دارو درەختانە لەو شەقامە سیستەمی ئاودێری دڵۆپاندن دانراوە تا نەمامەکان نەفەوتێت و پێشتریش چەندین نەمامی جۆراو جۆرمان لەشەقامەکان چاندووە ئەگەر هاتوو نەمامێک فەوتا ئەوا هەوڵ دەدەین نەمامێکی دیکەی لەشوێنی دابنێین دیارە ئەو هەڵمەتە درێژەی هەیە هەوڵ هەیە هەڵمەتی دیکەی نەمام چاندن ئەنجام بدەین و لەچوارچێوەی بەرنامەو پلانی چوارساڵەی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارواپە بایەخێکی تەواو بەپارک و باخچەکان بدرێت بۆ ئەو مەبەستەش خودی وەزیری شارەوانی پاڵپشتی تەواو لەکارەکانمان بکرێت لەهەگبەدایەو کۆمەڵێک پرۆژە هەن ئومێدەوارین بە زووبی جێبەجێ بکرێت گەڕەکە تازەکانیش فەرامۆش ناکرێت و داواش لە هاوواڵاتیان دەکەین کە پارێزگاری لە دارو درەخت بکەن تا ژینگەیەکی پاک و خاوێنیان هەبێت و پێویستە هاوواڵاتیان نەمام لەبەردەمی ماڵەکانیان بچێنن تا ڕێژەی سەوزایی زیاتربێت لەکۆتاییدا سوپاسی سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەکەین کە پاڵپشتیمان لێ دەکات وزۆرجار هاوکاری کردووین بە دابینکردنی پێداویستی بۆ پارک و باخچەکان و هەڵمەتەکانی نەمام چاندن درێژەی هەیە.

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە یاخود کۆمەڵگە بە هەردوو ڕەگەزییەوە کۆمەڵە..؟

ڕاپۆرت: پەریها عومەر

ئایا ڕاستە دەگوترێت خۆشییەکانی ژیان بەهۆی بوونی ئافرەتەوەیە؟ ئایا ئافرەت تەنها کارگەی بەرهەمهێنانی منداڵە یاخود کۆڵەگەی سەرەکی کۆمەڵگە و خێزانە؟ ئایا ئافرەت تەنها نیوەی کۆمەڵە یاخود هەردوو ڕەگەز تەواوکەری یەکترن و کۆمەڵگە بە ئافرەت و پیاوەوە کۆمەڵگەیە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە لەم ڕاپۆرتەدا چەند کەسێک قسەی خۆیان دەکەن.



نیگا عوسمان: ماڵیش بەبێ ئافرەت دروست دەکرێت، بەڵام بەردەوام نابێت و خۆشەویستی و هەست و سۆزی تێدا نابێ



ساکار ئەرسەلان: پیاو بێ ئافرەت بۆشاییەک لە ژیانیدا هەیە، کە ناتوانێ بەهیچ شتێکی دیکە پڕی بکاتەوە



سەفین سیروان: ئافرەت بە تەنیا نابێتە هۆی بەخشینی خۆشی، بەڵکو پیاوانیش بە هەمان شێوە خۆشی دەبەخشن

ساکار ئەرسەلان ڕۆژنامەنووس لە وەڵامی ئەو چەند پرسیارە دەڵێت: ئافرەت لەخۆی لە خۆیدا گرنگی خۆی هەیە لەناو خێزان وکۆڵەگەی سەرەکی کۆمەڵگەشە لە ڕووی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵ هەموو کات وساتێک ئافرەت توانیویەتی ڕۆڵی خۆی هەبێت و پیاو بەبێ ئافرەت ناتوانێ هەموو ئەوەی دەیەوێ لەژیانی تایبەتی و ڕۆژانەی بیکات، چونکە پیاو بێ ئافرەت بۆشاییەک لە ژیانیدا هەیە کە ناتوانێ بەهیچ شتێکی دیکە پڕی بکاتەوە.

ساکار گوتیشی: مافی بەبێ ئافرەت دروست نابێت، چونکە ئەوشتانەی کەمافی لەسەر دروست دەکرێت ئافرەتان دەتوانن بەڕێوەی بەرن و شارەزاییان هەیە و گرنگیدان ئافرەت زیاترە لەپیاوان، ئافرەت وەک فریشتەی بەختەوەریە و لەهەموو کاتەکانی ژیان و لە ناخۆشیەکانی ژیاندا ئەوان خۆشیان بەژیان داوە و بەهێزیی ژن وای کردوە هەموو تاڵییەکان بگۆڕن لە فرمێسکەکانیانەوە هەتا خەندەکانیان

سەفین سیروان لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا گوتی: بوونی ئافرەت بۆ پیاو گرنگە، چونکە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە هەروەها بە پێچەوانەشەوە پیاویش گرنگە بۆ ئافرەت و پێکەوە دەبنە هۆی دروستبوونی خێزان و کۆمەڵگە.

سەفین گوتیشی: بەبێ ئافرەت دەتوانرێت مافی دروست بکرێ هەروەها بەبێ پیاویش دەتوانرێت، بەڵام بە کۆمەڵێک کەموکوڕی و جیاواز لەو مافەی کە پێکەوە بنیات دەنرێت لەلایەن ئافرەتێک و پیاوێک.

سەبارەت بە خۆشیەکانی ژیان و بەخشینی خۆشی تەواوکەری یەکترن، واتا تەنها ئافرەت نابێتە هۆی بەخشینی خۆشی بەڵکو پیاوانیش بە هەمان شێوە خۆشی دەبەخشن، ئەمەش لە چوارچێوەی خێزانێک کە لەسەر بنەمای متمانە و ڕاستگۆیی و قوربانیدان بۆ یەکتر دروست بووبێت.

نیگا عوسمان دەڕچووی بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت: بوونی ئافرەت زۆر گرنگە لە ژیانی پیاودا دواجار ئافرەت پشت و پشتەو دەبێ و پڕ دەبێ لە هێزی پیاوە هەر وەک دەزانین لە کۆندا گوتراوە: لە پشت هەر پیاوێکی بەهێز ئافرەتێک هەیە. مافیش بەبێ ئافرەت دروست دەکرێت، واتا پیاوێک لەوانەیە بە ئاسانی بتوانێ دروستی بکات، بەڵام ئایا ئەو مافە تاچەند بەردەوام دەبێ و تاچەند بناغەی مافەکە خۆشەویستی و سۆز..؟

نیگا گوتیشی: خۆشی ژیان زۆر شت دەگرێتەوە بۆ نموونە لەشساغی و تەندروستیەکی باشت هەبێ و باری ئابووریت باش بێ بۆ خۆی خۆشییە، بەڵام بێ گومان ڕۆڵە گەورەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەت کە بتوانێت ژیانێکی خۆش و بەختەوەر دەستەبەر بکات.



سەربەست بامەرنی

جەنگ لەدژی گەلی کوردستان چیتر گەشتکردن نییە

بە هەڵەدا چووە ئەوەی وا گومان ببات، گەلی کوردستان، تاکە دۆڕاوی ئاکامی بڕیارە دەستخەڕۆییەکەی سەرۆکی ئەمریکا، بە کشانەوە لە رۆژئاوای کوردستان و ڕادەستکردنی بەسەرۆکی تورکیا ئەردۆغان دەبێت، ئەوانەی لە ئاکامی ئەو بڕیارە سەرەڕۆییە دەدۆڕێن، هەموو جیهانی شارستان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر دەبێت، چونکە ئەو بڕیارە دووبارە دەرگە بۆ گەڕانەوەی تیرۆری جیهانی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەناسەی بێتەوە بەر و دووبارە هەژموون بەسەر ناوچەکەدا بکات و خۆکوژەکانی بۆ ئەورووپا بنێرێت، زێدەباری ئەوەی گەورەترین دۆڕاو، خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە بەو بڕیارەی، دوایین کارتی راستگۆیی و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ جیهانی دەرەوە لەدەست دەدات، لەمەودوا کەس نامێنێت، باوەڕ بەخۆی و وتەکانی لەبارەی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤدا بکات. دۆڕاوێکی دیکە، گەلی تورکیایە، کە بە دەست نەگبەتی ئەردۆغان، گیری خواردووە، چونکە دەیەوێت گەلەکەی بخاتە نێو زەڵکاوی جەنگێکی بێ کۆتایی لەدژی گەلی کوردستان، وەکو خۆدزینەوەیەک لە کێشەکانی ناوخۆ، کە هەرگیز بە دەسەڵاتە ڕەهاکانی دەکات، هەروەها بۆ بەدیهێنانی خەونی ڕەگەزپەرستی و ئەندێشەی نەخۆشی، بە قڕکردنی گەلی کوردستان و گۆڕینی ژینواری نەتەوەیی لە رۆژئاوای کوردستاندا، ئەویش بە جێگیرکردنی نزیکەی سێ ملیۆن پەنابەری سووری و پەلەهاویشتن لەو ناوچەیە، بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتداریەتی عوسمانی و دەوردانی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وەکو ڕێگە خۆشکردنێک بۆ لەناوبردنی، چونکە ئەو پیاوە نایشارێتەوە، دوژمنی کوردە لە هەر شوێنێک هەبێت، ئەوە لەکاتێک دایە، کە گەلانی تورکیا، بە دەست دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی ئەردۆغان و لەناوبردنی نەیارەکانی بە دڵڕەقی، دەنااڵێنن، کە خەریکە وا لە وڵاتەکەی دەکات زیاتر لە نێو لمی بزۆکی کارەساتی داهاتووی ئابووری ڕۆ بچنە خوارەوە.

بە دڵنیاییەوە گەلی کوردستان، کە لە ڕێککەوتنی بەناوی سایکس پیکۆوە دەزانێت، بووەتە پڕۆژەی کوشتن و قڕکردن لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەیەوە، ئەو گەلەی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەزارەها قوربانی و شەهیدی دا و جیهانی لە شەڕی تیرۆر ڕزگار کرد، بە نینۆک و ددانەکانی شەڕ دەکات و بەرگریی لە بوونی خۆی و نیشتمانەکەی دەکات، هیچ بەدوور نازانرێت، کوردستان بببێتە ڤیتنامی دووەم، بۆ هێزە داگیرکەرەکان. لە دەیەکانی کۆتاییدا، زۆر شت گۆڕاون و گەلی کوردستان چیتر بە تەنیایی لە گۆڕەپانەکەدا نەماوەتەوە، ئەگەر ئەو توانایەشی نەبێت بەڕووی هەرچی و پەرچی و ڕەگەپەرستان بوەستێت، نرخی هەر هێرشێکی ڕەگەپەرستی بۆ سەری گران دەبێت، چونکە پێش هەموو شتێک، هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەکات و هەموو هەوڵێکی نێودەوڵەتی و نەتەوەیی، بۆ چارەکردنی کێشەکان لە بار دەبات.

جێگەی داخە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرۆکێکی وەکو ترامپ، ئەو بازرگانە چاوچنۆکەی هەبێت، کە هیچ لە بارەی مێژوو نازانێت و پێی وایە، مەسەلەی نیشتمانی چل ملیۆن هاووڵاتی کوردستان، تەنیا کوشتاری نێوان هۆزەکانی کورد و تورکە، ئەو پیاوە، کە بە شێتی خۆ بە زلزانین، هەڵوێستی دژبەیەکی ناهاوسەنگ و فرۆشتنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ناسراوە و هیچ بە سامان و داهاتەکان تێر نابێت، تۆمەتی منداڵکارانە دەداتە پاڵ خەباتگێڕانی کورد لەدژی تیرۆر، بەوەی لە دەستەوارەیەکی بێ وێنەدا، چەک و پارەی پێداون، لە جیاتی ئەوەی ستایشی ڕۆڵی پاڵەوانانە و سەرەکییان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری جیهانیدا بکات. هەڵوێستەکانی سەرۆکی ئەمریکا، وای لە ئەمریکا کردووە، ببێتە پڵنگی سەر کاغەز، هەرچەندە چرنووکی ئەتۆمیشی هەیە. (مااڵ خاوەنێکی هەیە بیپاریزێت) کوردستانیش، گەلێکی بە ئەزموونی خەباتکردنە لەدژی هەڵمەتەکانی قڕکردنی هاردا هەیە کە بیپاریزێت، لە بەرژەوەندیی هەموو لایەک دایە شتەکان بۆ جەنگێکی گشتیی پەرە نەستێنن، چونکە جەنگ لەدژی گەلی کوردستان، چیتر گەشتکردن نییە.

و: ڕەمزی میرەکانی

دیدارێک کە 61 ساڵ بەر لە ئێستا، لە ڕۆژنامەی ژین لە شاری سلێمانی بڵاوبۆتەوە

گفتوگۆیەک لەگەڵ بێچووە شێری بارزان (محەمەد خالید شێخ ئەحمەد بارزان)

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەوا دەبینین کە بارزانییەکان لە پێناو سەربەستی و ئازادی بۆ گەلی کوردستان زیاتر لە سەدەیەک خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانیان ئەنجام داوە، هەر لەو سەروبەندەشدا بوونەتە جێگەی فەخر و شانازی گەلی کورد و ناوچەکە و بەشێکی جیهانیش بەچاوی ڕێز و قوربانیدان لێیان ڕوانیون.



دیمانەی مامۆستا مستەفا سالح کەریم، پەیامنێری ڕۆژنامەی (ژین) لەگەڵ شێخ محەمەد خالید بارزانی لە سلێمانی 1958

ئەو بارزانییە شۆڕشگێڕانەش بە دەربەدەری و ئاوارەبوون و دوورخراوەشیان چەشتووە، هەر لەو میانەیەشدا بوو کە ساڵانێک ڕژێمی عێراق دووری خستنەوە بۆ ناوچەکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق و لەونێوەندەشدا ماوەیەکیش بۆ شاری سلێمانی دووبرخرانەوە، کە ئەویش لە ساڵانی کۆتایی 1936دا بوو، هەتا مانگی شەشی 1943، کە بارزانی لە سلێمانییەوە بۆ دەڤەری بارزان دەرباز دەکرێت، لەو ماوەیەشدا خەڵکی شاری سلێمانی هەمیشە بەچاوی ڕێز و پێزانینەوە لێیان ڕوانیون و هاوکارییان کردوون لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە دەیانزانی کە لەسەر شۆڕش و کوردپەروەری و خەبات و تێکۆشان سزادراون و ئاوارە و دەربەدەری شاران کراون، لەو نێوەندەشدا تێکەڵاوی و پەیوەندیی تووندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەبووە و دۆستایەتییەکی بەتین لە نێوانیاندا دروووست ببوو. پاش ئەوەی کە بارزانی دەرباز دەبێت بەرەو یەکێتیی سۆڤییەت ڕۆشتن و شێخ ئەحمەد بارزانی و بەشێکی دیکەی بارزانییەکان و خێزانەکانیان گەڕانەوە بۆ عێراق و دەسبەسەرکران و دواتر گەڕانەوە شوێنی خۆیان. لەگەڵ بەڕیابوونی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 کاتێک ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق دەڕوخێت و گەلی کورد و عەرەب قۆناغێکی کرانەوە و کەشێکی تاڕادەیەک دیموکراسی و ئازادی دەستەبەرکرا و دۆخی سیاسیی کوردیش بۆ ماوەیەک بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆوە بینی و بڕیاری گەڕانەوەی قارەمانانی بارزان و مستەفا بارزانی و هاوەڵانی درا، بەندکراوە سیاسییەکان و دوورخراوەکانیش ئازاد کران لە نێویشیاندا مانگێک بەرلە گەڕانەوەی بارزانیی نەمر شێخ محەمەد خالید و لوقمان بارزانی و شاندێکی خانەوادەی بارزانییەکان سەردانی شاری سلێمانی و شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر دەکەن بەبۆنەی ساڵانی دەربەدەرییاندا ئەم شارە یارمەتیدەریان بووە. لەو ساتەوەختەدا نێردراوی ڕۆژنامەی ژین مامۆستای خوالێخۆشبوو (مستەفا سالح کەریم) سەردانیان دەکات و سێ دیداریان لەتەکدا سازدەکات، لەگەڵ خوالێخۆشبوان شێخ محەمەد خالید بارزانی و لوقمان بارزانی و ...، ماوەیەک بەرلە ئێستا دیدارەکەی لوقمان بارزانیمان بڵاو کردەوە، وا لەئێستاشدا دیداری دووم لەگەڵ شێخ محەمەد خالید بڵاودەکەینەوە.

ئەمە دەقی ئەو دیدارەیە کە محەمەد خالید، بە سەرۆکایەتی شاندێکی بنەماڵەی بارزانی سەردانی شاری سلێمانی دەکات بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی (شێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفیدزادە)، بەو بۆنەیەوە کە تازە لە بەندیخانە ئازاد کراوە، ئەگەڵ بەسەرکردنەوەیەش لەو سۆنگەیەوە دێت، وەک وەفایەک کە لە ڕۆژانی ئاوارەیی و دەربەدەرکردن و ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ شاری سلێمانی لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و شۆڕشگێڕیی خەڵکی سلێمانی بەگشتی و بنەماڵەی شێخ مەحمود و بەتایبەتی شێخ مەحمود خالید، بە سەرۆکایەتی دەرفەتێکی زێڕین دەزانێ و ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و سەردانیان دەکات، لە هەمان کاتیشدا دیداری ڕۆژنامەوانییان لەتەکدا ساز دەدات و لە ژمارە (1407)ی 9/4/ 1958 بڵاوی دەکاتەوە.. ئەوکاتە نوێنەر و پەیامنێری ڕۆژنامەکە (مامۆستا مستەفا سالح کەریم) بووە و دیدارەکەی ئامادەی کردووە.

دەقی دیدارەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

گفتوگۆیەک لەگەڵ بێچووە شێری بارزان (محەمەد خالید شێخ ئەحمەد بارزان)

ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی 30ی تەموز، ئەوەبوو کە قارەمانی کورد شێخ لەتیف لە بەندیخانە گەڕایەوە شاری سلێمانی، جگە لە دانیشتوانی سلێمانی کە لە بەغداوە لە گەڵیدا بوون مامۆستا ڕەفیق حیلمی و برا بارزانییەکانیشی لەگەڵدا بوو، دوای یەک دوو ڕۆژ نوێنەرێکی خۆمان نارەدە لای ئەو دڵسۆزە مەردانە، واتە (برا بارزانییەکان)، بۆ نووسینی ڕیپۆرتاژێک وا لەم ژمارەیەوە دەست دەکەین بە بڵاوکردنەوەی ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان نوێنەرەکەمان و لە نێوان کاک (خالید شێخ ئەحمەد بارزانی) و کاک (لوقمان)ی ژنەڕاڵ مستەفا بارزانی و کاک (عەبدوللەزیز ئاغای مزووری)دا بووە.. جارێ لەم ژمارەیەدا کاک (محەمەد خالید) پێشکەش ئەکەین.

*** ژین:** زۆر بەخێرایم کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ چەند ڕۆڵەیەکی بارزانیدا دابنیشم و بێ ترس و لەرز بدوێین و بەسەربەستی بیروڕای خۆمان دەربڕین، جێی شادمانییە کە بەناوی ڕۆژنامەی (ژین)ەوە، ئەو تاقانە ڕۆژنامەیەی کە 30 ساڵ زیاترە مەشخەڵی ڕووناکی هەڵگردووە بۆ کوردستان، ئەڵێم: جێی کامەرانییە کە بە ناوی ئەم ڕۆژنامەیە و خوێندەوارانییەوە پڕ بە دڵ بەخێرهاتنی ئەم قارەمانانە بکەم.

هاوڵاتیی بەنرخەکان: ئێستا لەگەڵ کاک (محەمەد خالید شێخ ئەحمەد بارزانی)دام، کاک محەمەد خالید گەنجێکە لە تەمەنی (35) ساڵیدایە، نزیکەی (15) ساڵێکی لە کۆڕی خەباتدا بەسەر بردووە، ئەم لاوە لە خاکی پیرۆزی بارزان هاتۆتە دنیاوە.. هەر لەوێشدا پێگەیشتووە و بە ئاو و هەوای ئەوێ نەمامی لاوی نەشوئمای کردووە. بۆیە کاتێ ئیستعمار ویستی بێبەرییان بکات لەو بەهەشتە خۆشەی سەرزەمین. دەستیان دایە چەک وتیان: (یا مردن یا ئازادی)، کاک محەمەد خالید لە ساڵی 1945 مەجلیسی عورفی عەسکەری لە هەولێر حوکمی ئیعدامی دا بە غیابی و لە ساڵی 1947 خرایە بەندیخانە و ماوەی دوو ساڵ و هەشت مانگ و هەفتەیەک لە ژووری ئیعدامدا مایەوە و چاوەڕێی مردن بوو. لە دوای ئەو ماوەیە حوکمی بەندییەکەیان کرا بە حوکمی (ئەبەدی)، بەڵام لە دوای حەوت ساڵ لە ترسی هێزی ئاسنینی میللەت ئازادیان کرد.

*** کاک محەمەد خالید لە کاتێکدا کە لە ژووری ئیعدام بووی هەستت بەچی دەکرد؟**

- ڕاستییەکەی ژیان شیرینە، من ئەمویست زۆرتر بمێنم لە ژیاندا و زۆرتر خزمەتی کوردستان بکەم. بەڵام کە گیرام و ئەو حوکمەم درا بەسەردا هەموو کاتێ چاوەڕوانی ئەوەم ئەکرد کە بمبەنە سەر سێدارە و پڕ بەدەم بقیژێنم و هاوار بکەم و پێیان بڵێم: گەر جارێکی تریش دوای ئیعدام زیندوو ببمەوە ئەبێ هەر لەسەر ئەو ڕێگا ڕاستەی جارانمەوە، جارێکی تر دەست پێ بکەمەوە.

*** ئەی کە ئازادبوویت چیت بەدڵدا هات؟**

- خۆشییەک کەوتە دڵمەوە، چونکە بۆم دەرکەوت کە هاتمە دەرەوە ماوەی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئازادیخوازاندا بکەومەوە خەبات بۆ ئامانجە پیرۆزەکەمان.

*** لە کاتێکدا کە وەلامی ئەم شۆڕشە پیرۆزەی عێراقت بیست هەستت چۆن بوو؟**

- پڕ بەدڵ شاد بووم، چونکە بۆم دەرکەوت کە ئەو تەقەلایەی ئێمە ئەماندا بۆ ڕووخاندنی مەلەکییەت و حکوومەتە بۆگەنەکەی بۆ ئازادی، ئەوا سوپای عێراقی نەبەز بردیە سەر و کۆتایی پێ هێنا.

*** کاتن کە لەگەڵ شێخ لە تیف هاتی بۆ سلێمانی، ئێرەت چۆن هاتە بەر چاو؟**

- بەڕاستی نازانم چۆن دەری بڕم ئەوەندە دەڵێم: کە دەست بەجێ وامزانی لە ماڵی خۆمانایین، چونکە ئاشکرایە کە میللەتی سلێمانی نەبەز ساڵەهای ساڵە قوربانی ئەدا لە خەباتدا بۆ ئەو ئاواتانەی ئێمە لەسەری گیرابووین. بەم بۆنەیەوە تکات لێ دەکەم سوپاسم پێشکەش بە سیادەی ئامر حامییە و هەموو گەلە بەشەرەفەکەی سلێمانی بکە، بۆ ئەو پێشوازییەی پیشانی ئێمەیان دا. هەروەها بە ناوی (شێخ ئەحمەد بارزانی)ی باوکمەوە، سلاوێکی گەرم پێشکەش دەکەم بە گەلی کورد بە تایبەتی دانیشتوانی ئێرە شاری (سلێمانی)، چونکە من کە لە خزمەت "شێخ لەتیف"دا هاتم نوێنەری باوکم بووم.

*** هیچ شتێکی تر هەیە بتەوێ بینووسم؟**

- دەبێ هەموو ئەوە بزانن کە ئێمە بە خۆمان و عەشیرەت و خزم و کەسوکار و چەکمانەوە ئامادەین بۆ گیان بەخشین، بۆ خۆبەختکردن بۆ تێکۆشان شان بەشانی برا عەرەبە ئازادەکان، بۆ پاراستنی جمهوریەتە ساواکەمان لە ژێر سەرکردەی پاڵەوان (عەبدولکەریم قاسم). زۆر سوپاستان دەکەم. بەم پێیە (دانیشتنەکەمان) تەواو بوو، لە ژمارەیەکی تردا. لەگەڵ کاک لوقمان ژنەڕاڵ بارزانیدا پێک ئەگەین. تا ئەو کاتە بە یەزدانتان دەسپێرم.

مستەفا سالح کەریم.

شێخ محەمەد خالید لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی (ژین)، مستەفا سالح کەریم.

عەشیرەتێن بەهدینان

کاروان محەمەد سینۆ

ب رامانەکا گشتی، کومەڵگەها کوردەواری پێکدهێت ژ (ماڵ، مااڵبات، تیرە -ئانکو بەرەباب، هوز، عەشیرەت). ژ نیڤا سەدێ بیستێ ڤە (1514) و پشتی شەڕێ (چالدێران) دنانڤبەرا دەولەتا سەفەوی و دەڵەتا عوسمانی، کوردستان و میر و میرگەهێن کوردستانێ کەفتنەدین باندۆرا سیاسیەتا ژناڤبرن و پارچەپارچەکرنا میر و میرگەهان، ئەڤەژی بووە ئەگەرا پارڤەبوونا کومەڵگەها کوردستانی بۆ عەشیرەت و هوز و تیرە و مااڵباتێن جوداجودا. ژڵایێ خوڤەژی دەولەتا عوسمانی رکابەری و دوژمندارییەکا دژوار ئێخستە دناڤبەرا ئەڤان عەشیرەت و مااڵباتان و ژێکڤەکرن، داکو بشێت دەسەڵاتاخو لسەر کورد و کورستانێ زاڵ بکەت. بڤی رەنگی دەستور و رێک دانە چەندین ئاغا و بەگ و بەگلەران کو خەڵکی کوردستانێ تەپەسەر بکەن و دبەرژەوەندییا دەولەتا عوسمانیدا باج و خەراجا ژ خەڵکێ هەژار و بێدەستهەلات بستێن و خزمەتکارییا عوسمانیابکەن.

دڤێ مژارێدا، نڤیسەر (هێرش کەمال رێکانی) دڤەکولینەکا دیروکیا بەلگەنامەدارا و سوسیولوجیدا،پەرتوکەکا قەبارە 16.5x23.5 دایە چاپکردن کو ژ 894 بەرپەران پێکهاتییە لبن ناڤنیشانێ (عەشیرەتێن بەهدینان). نڤیسەری دڤێ پەرتوکێدا هەوڵدایە (22) عەشیرەتێن دەڤەرا (بەهدینان ژ جهمایێن میرگەها بەهدینان) ل باشوریێ کوردستانێ بە خویندڤایان بدەتە نیاسین دبواریێ سیستمێ عەشیرەتگەریاوان و میژووا پەیدابوونا وان عەشیرا و ناڤێن ناڤدارێن وان و هەڤڕکیا دناڤبەرا واندا و رولێ وان دکاودانێن سیاسی و جیوپولوتیکی ل نیڤا سەدێ بیستێ (1919-1514) بەرامبەر دولەتا عوسمانی و رولێ وان عەشیرا بەرامبەر داگیرکەرێن ئینگلیز. دڤێن پەرتوکێدا، نڤیسەری چەندین بەلگەنامە و دەستنڤیسێن بەلاڤکری و نەبەلاڤکری دڤێ پەرتوکێدا داینە خویاکردن. هەروەسا نڤیسەری بوو وەشاندنا پەرتوکا خو مفا ژ چەندین ژێدەر و لێڤەگەرِ و پەرتوک و گوتاران وەرگرتیە بزمانێن کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی، ئەڤەژی جهێ دەستخوشییێە ل نڤیسەری. چێدبیت؟! ئەڤ (22) عەشیرێن کو نڤیسەری دپەرتوکاخودا داینە نیاسین، هەمیی ئەو عەشیرەتە نەبن کو نوکە لدەڤەرا (بەهدینان) ل باشوریێ کوردستانێ ئاکنجینە!!. بەڵی ئەڤ هەولا نڤیسەری بڤی رەنگێ ئەکادیمی بەلگەدار، کارەکێ ژێهاتییە. یاژهەژییە بێژین ئەڤ پەرتووکە کو چاپا ئێکێیە ساڵا 2019، ژ چاپکرێن سەنتەرێ (بێشکچی)ییە بو ڤەکولینێن مرۆڤایەتی ل زانکۆیا دهوکێ. هیڤیدارین ئەڤ پەرتوکە (عەشیرەتێن بەهدینان) یا نڤیسەر (هێرش کەمال رێکانی) جهێ خو دناڤ کتێبخا کوردیدا بگریت.



هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



13
مافپەروەر:
جەواد مستەفا ستریەیی

بنەمای سەربەخۆی ناوخۆیی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا (مبدأ استقلال الذاتی)

هەر هەرێم یان ویلایەتێکی فیدراڵی مێژوو و کەلتور و داب و نەریتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کوردستانیش یەکێکە لەو هەرێمە فیدراڵیانە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هاوڵاتیانەکانمان نەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕابردوو و پێکهاتەکانیتری وڵات، لەبەر کاریگەری و ڕاو بۆچوون و بەرژەوەندی جیاوازی پێکهاتەکانیتر، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە وڵاتان پەنا بۆ بژاردەی سیستەمی فیدراڵی بۆ بەرێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی تەندروست دەبەن و بە باشترین چارەسەر دەزانن بۆ زامن کردنی مانەوە و سەربەخۆبوونی هەموو ئەم بەهایانە. بەگشتی بنەمای سەربەخۆی ناوخۆیی گرنگییەکی زۆری لە سیستەمی فیدراڵیدا هەیە لەو هەمان کاتدا ئەم بنەمایە سیستەمی فیدراڵی لە سیستەمەکانیتر جیا دەکاتەوە، دەتوانین بنەمای سەربەخۆیی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: سەربەخۆیی دەستووری:

دەوڵەتی فیدراڵی کۆمەڵێک بنەمای سیاسی جیاواز لە بواری ناوخۆییدا لە خۆدەگرێت، یەکێک لەم بنەمایانە بریتییە لە بوونی دەستووری سەربەخۆ بۆ هەر هەرێمێک لە پاڵ دەستووری حکومەتی فیدراڵیدا، واتە دەستووری هەر هەرێمێک سەربەخۆیە لە دەستووری هێڵی سەرەکی حکومەتی فیدراڵیدا هەبێت. بەڵام لەسەر ئەم بابەتە لە دەسووری سویسرادا هاتووە هەموو کانتونەکان ئازادن دەستووری خۆیان هەبێت بەڵام سێ مەرجیان بۆ داناوە یەکەم: دەبێت هاوڵاتیانی هەرێمەکە لە ڕاپرسییەکی پیرانە هاوشێوەی کۆنگرێس لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، تەنها ویلایەتی نیراسکا نەبێت ئەو تەنها لەیەک ئەنجومەن پێکدێت.

هەروەها پەرلەمانی ویلایەتی هیند بە پێی دەستووری 1950 لە دوو ئەنجومەنی یاسادانان پێکدێت کۆمەڵەی یاسادانان (Legislative Assembly) و ئەنجومەنی یاسادانان (Legislative Council) هەروەها لە هەندێک ویلایەتیش تەنها لەیەک ئەنجومەن پێکدێت ئەویش بریتییە لە کۆمەڵەی یاسادانان.

بەگشی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمەکان لە وڵاتێکەوە بو وڵاتێکیتر دەگۆڕێت بە پێی ئەو دەسەڵاتەی دەستووری فیدراڵی بە هەرێمەکان دراوە، بو نمونە دەستووری هەمیشەی عێراق دەسەڵاتی فراوانی بە هەرێمی کوردستان داوە، بۆیە هەرێمی کوردستان هەندێک دەسەڵات بەکار دێنێت کە ئەم ئاسایش و بەرژەوەندی گشتی وڵات لە بواوە جوراوجۆرەکاندا. دەدەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەندێک هەرێم تەنها لە سەرۆک پێکدێت و لە هەندێک وڵاتیش لە سەرۆک و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت و لە هەندێک وڵاتیش تەنها لە ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت. بەڵام لە هەر وڵاتێک ناوێک لەم سەرۆکە دەنێن، بو نمونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی دەڵێن (حاکم) کە لە هەندێک ویلایەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حاکم لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکەوە هەڵدەبژێردرێت. بەپێی دەستووری هیندی سالی 1950 بەم سەرۆکە دەگوترێت (پارێزگاری هەرێم) کە لەلایەن سەرۆک کۆماری فیدراڵییەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام وەزیرەکانی ئەم هەرێمە لەلایەن پارێزگارەوە هەرێمەکانە کە بریارەکانی کۆتایین و دادگاکانی سەربە دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی ناتوانن تانەیان لێبدەن. کەواتە دەتوانین بڵێین دوو دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەیە، دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی کە ڕاقەی یاساکان دەکات و یاسا و ڕێنومایەکانی دەوڵەتی فیدراڵی جێبەجێ دەکات و دەدەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان کە ڕاقەی یاساکان دەکات و یاسا و ڕێنومایەکانی هەرێمەکانیش جێبەجێ دەکات. کە هەردوکیان هەریەکە لە کۆمەڵێک دادگا پێکدێت بو ڕاقە کردن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنومایەکان بە شێوازێکی سەربەخۆ و جیاواز لەیەکتری، تەنها لە هەندێک پسپۆری تایبەت نەبێت کە تەنها تایبەتن بە دادگای بالای فیدراڵی، بەڵام ئەم دەسەڵاتانەش لە داهاتە داراییەکان بریتییە لە پێداویستیە هەرە گرنگەکانی هەر وڵاتێک چ ئەم وڵاتە فیدراڵی یان یەکگرتوو بێت یاخود حکومەتی فیدراڵی یان هەرێمەکان بێت، چونکە سیستەمی سیاسی هیچ وڵاتێک بەبێ سەرچاوە داراییەکان بەڕێوە ناچێت، کەواتە هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان هەردووکیان پێویستی بە بودجەیەکی دیاری کراو و سەربەخۆی دارایی هەیە بو بەڕێوەبردنی ئەرک و پسپۆری و کاروبارەکانیان، چونکە ئابووری بربەری پشتی بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێکە چ ئەم وڵاتە یەکگرتوو یان فیدراڵی بێت.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لە هەموو حکومەتە فیدراڵییەکاندا حکومەتی فیدراڵی و هەریەک لە هەرێمەکان بڕێمە دارایەکی سەرچاوە دارایی سیاسی هیچ وڵاتێک بەبێ سەرچاوە دارایی ناچێت، کەواتە هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان هەردووکیان پێویستی بە بودجەیەکی دیاری کراو و سەربەخۆی دارایی هەیە بو بەڕێوەبردنی ئەرک و پسپۆری و کاروبارەکانیان، چونکە ئابووری بربەری پشتی بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێکە چ ئەم وڵاتە یەکگرتوو یان فیدراڵی بێت.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لە هەموو حکومەتە فیدراڵییەکاندا حکومەتی فیدراڵی و هەریەک لە هەرێمەکان بڕێمە دارایی سیاسی هیچ وڵاتێک بەبێ سەرچاوە دارایی ناچێت، کەواتە هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان هەردووکیان پێویستی بە بودجەیەکی دیاری کراو و سەربەخۆی دارایی هەیە بو بەڕێوەبردنی ئەرک و پسپۆری و کاروبارەکانیان، چونکە ئابووری بربەری پشتی بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێکە چ ئەم وڵاتە یەکگرتوو یان فیدراڵی بێت.



دەدەسەڵاتانە لە کەم هەرێمی فیدراڵی وڵاتانی جیهان بەکار دێت. ئەوانەیەکیتر دەستووری کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو لە سالی 1949 مافی بەستنی ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی دراینە ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکان کە بتوانن ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی بیانی بکەن، بەڵام لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی. هەروەها دەستەکانی یاسادانانی هەرێمەکانی کۆماری باشووری ئەفریقیا لە یەک ئەنجومەن پێکدێن پێی دەگەترێت یاسادانانی هەرێم.

سێیەم: دەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن:

هەرێمە فیدراڵیەکان هاوشێوەی حکومەتی فیدراڵی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریان هەیە. ئەرکی دەدەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمە فیدراڵییەکاندا بریتییە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کارگێری و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنومایەکان چ ئەم یاسا و ڕێنومایانە لە حکومەتی فیدراڵی دەردەچن یان لە هەرێمەکان، لەگەڵ پاراستنی هەڵدەبژێردرێن لەسەر پێشنیاری سەرۆک وەزیرانی هەرێم.

بەڵام لە فەنزویلا سەرۆکی هەرێم و ئەندامەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، واتە وەزیرەکان لەلایەن سەرۆک کۆماری فیدراڵییەوە هەڵدەبژێردرێن کە ئەمە دەسەڵاتی هەرێمەکان بچووک دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دەست تێوەردانی حکومەتی فیدراڵی لە کاروبارەکانی هەرێمەکانەوە.


چوارەم: سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری:

هاوکات لەگەل دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی، هەر هەرێم یان ویلایەتێک سیستەمی دادوەری سەربەخۆی هەیە کە پێکدێت لە کۆمەڵێک دادگای تایبەت بە هەمان هەرێم، کە بەپێی دەستوور دامەزراون بو یەکلایی کردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم. هەروەها لە فیدراڵییەکاندا دادوەری سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی، دەتوانین بڵێین ئەمە گرنگترین پێوەری سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری لە زوربەی وڵاتانی جیهان باجەکان بریتییە لە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابووری وڵات، بەڵام هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی جیاواز باجەکان وەردەگرێت و دابەش دەکات یاخود باج دەخەنە سەر یەکتر. بوغونە هەردوو دەستووری کەنەدا و ئوسترالیا بەشێوەیەکی یەکسان قەدەغەی کردووە هەردوو حکومەتی فیدراڵی هەرێمەکان باج بخەنە سەر یەکتر. هەروەها هەرچەند لە دەستووری ئەمریکادا باس نەکراوە، بەڵام دادگای باڵا بریاری داوە دەبێت باج لەسەر بنەمایەکی یەکسان بێت.

دەستووری سویسرا هاوشێوەی زوربەی وڵاتانی فیدراڵی تەنها حکومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی دیاری کردن و دانانی باج و ڕسومات و پێبژاردن و...تاد هەیە واتە لە دەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییدایە نەک ویلایەتەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەرێمەکانیش دەسەڵاتی دیاریکردنی هەندێک جۆری باج و ڕسوماتی ناوخۆی هەیە وەک باجی سەر مولکەکان و ڕسومات و چەندین باجیتریش.

پێنجەم: سەربەخۆی دارایی هەرێمەکانی فیدراڵی:

داستانە مێژووییەکەی (پردێ) کوردستانی پاراست



وەیسی سەعید وەیسی

دوای ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەیانووی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بەپێی پیلانێکی نەخشە بۆ کێشراو هێزە عیراقییەکان بەپاڵپشتی چەند کەسێکی لایەنێکی سیاسی هێرشیان کردەسەر هەرێمی کوردستان وهەوڵی لەناوبردنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستانیان دەدا کەلەدواییشدا ڕووداوەکان دەریان خست لەبەر ڕیفراندۆم خەڵکی کوردستان سزا نادرێت، بەڵکو تەنها ڕیفراندۆم کراوەتە بەهانەیەک کە مەبەستیان بوو ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان لەناوەبرن و پارتی دیموکراتی کوردستانیش لاواز بکەن، چونکە هەمیشە سەرۆک مەسعود بارزانی و پارتی خاوەن پرۆژە و ستراتیژییەتی تایبەتن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و سازش لەسەر مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان ناکەن، بۆیەش هەمیشە دەکرێنە ئامانج و جۆرەها پیلانیان دژ دەکرێت لەکاتێکدا ئەنجامدانی پرۆسەیەکی وەکو ڕیفراندۆم شتێکی ئاسایی و یاسایی بوو تەنانەت سەرەتاییترین مافی هەر هاووڵاتییەکە تا لەم ڕێگایەوە بربار بدات چۆن بژێت، بۆیەش ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان مافێکی ئایینی و یاسایی و سروشتی بوو کە 93% خەڵکی کوردستان بریاری خۆی دا و بەمەش دەرکەوت کە ریفراندۆم سەرکێشی و شکست نەبوو، بەڵکو خواست و ویست و ئیرادەی کوردستانیان بوو کە بۆهەتاهەتایە بووە دیکۆمێنتێکی نەتەوەیی بەڵام دوژمنان و خاک فرۆشان ئەمەشیان بەرەوا نەبینی، بۆیەش بەدەرفەتیان زانی تا هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، سوپاس بۆ خوای گەورە ئەم پیلانەشیان سەرنەکەوت وەک هەمیشە پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی لەسەنگەری بەرگریدا مانەوە و بەهەمان ئیرادەی داعش بەزێن وەلامێکی جەرگ بڕی داگیرکەران و نۆکەرانیان دایەوە، لە یەکەمین داستانیشدا لە (پردێ) سنووریان بۆ خائین وخاک فرۆشان دانا و سەلماندیان ئیرادەی کوردستانیان پۆلاینە و هیچ کات گرەو لەسەر تێکشکاندنیان ناکرێت، بۆیەش داستانی (پردێ) جگە لەوەی بەشکۆمەندییەوە ناوی لە لاپەرەکانی پرلە سەروەری مێژووی گەلەکەماندا تۆمار کرا لە هەمان کاتیشدا بووە سەرەتایەک بۆ گۆرینی هاوکێشەی سیاسی، کە وای کرد ئیدی دوژمنان بیر لە داگیرکردنی کوردستان نەکەنەوە، هەروەک (داستانی کۆڕێ)بەبیری هاونیشتمانیانی هێنایەوە کە چۆن لە ڕۆژانی دەستپێکی ڕاپەریندا هاوکێشەی سیاسی گۆڕی و ڕژێمی بەعسی ناچار کرد داوای وەستاندنی شەر بکات و دەستی بە گفتوکۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ئەوکات کرد، بەهەمان شێوەش داستانی (پردێ) قۆناغێکی نوێ بەرووی خەڵکی کوردستاندا کردەوە و پێشمەرگەش مێژووییکی نوێی لەبەرگری وخۆنەچەماندن تۆمارکرد، چونکە هەرەسی بەپیلانی لەناوبردنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستانی هێنا کە ئیتر ڕێگە بە خائین وخاک فرۆشان نادرێت.

لێرەوە نابێت ئەو بەراوردەشمان لەیاد بچێت کە داستانی (کۆڕێ) پێشمەرگەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئەوکاتی بەرەی کوردستانی بەشداربوون، بەڵام لە داستانی (پردێ) تەنها ڕۆڵە بەوەفاکانی پارتی و بارزانی بەشداربوون و ڕێگریبیان لە دوژمنان کرد لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتووترین چەک و تانکی سەربازیبان بەکار هێنا، بەڵام نەبووە بەربەست لەبەردەم مقاومەتی پێشمەرگە کە دەبێ ئەو ڕاستییەش بخرێتەروو گەر ئەو بەرگرییەی لە (پردێ)کرا تەنیا بۆ چەند کاتژمێرێکیش لە کەرکووک و ناوچەکانی تر کرابا بەدڵنیاییەوە ڕەوشە دەگۆڕا و دوژمن نەیدەتوانی بستێک خاکمان داگیر بکات، بەڵام خیانەت ڕێگای نەدا کە سەرئەنجام ڕاستە ئەم ناوچانە داگیرکران، بەڵام هیچ کاتێک خەڵکی کوردستان دەست بەرداریان نابێت و واز لە بستە خاکێکی خۆیان و خواستی ڕەوای خۆیان کە سەربەخۆییە ناهێنن. لە ساڵیادی ئەم داستانە کەمۆنەیەدا کاتی هاتووە بیر لەوە بکرێتەوە داستانی (پردێ) و داستانەکانی تریش بخرێنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن تا نەوەی ئێستا و داهاتووش ئاشنا بن، چونکە ئەم داستانانە وەرچەرخانێکی گەورە و مێژوویی بوون لەخەباتی ڕەوای گەلەکەمان کە کوردستانی پاراست و بەرگری لەکەرامەتی خەڵکی کوردستان کرد و پیلانی ناحەزان و خائینانی هەڵوەشاندەوە کە تەنها بەمەش ڕاستییەکان هەمیشە بەزیندوویی لەناوماندا دەمێننەوە کە دەرئەنجامی خاک فرۆشتن چی بوو؟!. چ قازانجێکیان کرد؟!، چونکە جگە لە داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و تەعریب کردن و لابردنی سیمای کوردانە و ئاوارەبوونی هەزاران کەس هیچی تری بەدوادا نەهات کە تەنها ئەنجامدەرانی خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر لێی بەرپرسن کە بەدڵنیاییەوە مێژوو لە لاپەرەیەکی ڕەش ناوی تۆمار کردوونە کە هیچ کات مێژووش ڕەحمی بەکەس نەکردووە و ناکات.

سڵاو لەقارەمانی داستانەکانی (پردێ - سحێلا- محمودییە و تلسقۆف)کە پیلانی نەیارەکانیان تێکشکاند.

وون بوون

نووسراوی گومرگی باشماغ لەگەڵ مەنەفێستی ئۆتۆمبێل بەناوی کۆمپانیای بەیار حمید صالح ژمارەی نووسراو: ٥١٣٢٥٢ بەرواری نووسراو: ٢٠١٩/٨/٢١ جۆری ئۆتۆمبێل: نیسان روجی مۆدێل: ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٥١٩١٥ کاتی سلێمانی تایبەت ژمارەی لاشە (شاصی) ONIAT٢MVXHC٧٨٥٥٨٢ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای اکرم احمد عبدالرحمن جۆری ئۆتۆمبێل هیوندای النترا مۆدێل ٢٠١٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٢١١٠ کاتی هەولێر ژمارەی شاصی: KMHDV٧٤١FBKU٩٣٢٢٨١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی(ئەژین عثمان سایل) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لە تەق تەق(٠٧٧٠٢١٧٨٣٦١)

***

ون بوون

پسولەی بایۆمەتری موچەی پۆلیسی فریاکەوتن سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بەناوی(هاوکار عبدالله جبار) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لە بانکی تەق تەق(٠٧٧٠٨٥٢٨٥٩٠)

***

مديرية تنفيذ زاخو

العدد /٩١٧/تنفيذ/٢٠١٩

التاريخ / ٢٠١٩/١٠/٢٠

اعلان

الى / المدين : يونس محسن مهدي

العنوان السابق / زاخو- سپێریز

نظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة (سيمالكا) المرقم في (٢٠١٩/٨/٨) واشعار مختار محلة (سپێریز) عليه وبموجب المادة (٢٧) من قانون التنفيذ قررنا تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين للحضور امام مديرية تنفيذ زاخو او من ينوب عنك قانونا و ذلك عن الدين المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفيذية المرقمة العدد (٩١٧/تنفيذ/٢٠١٩) ، والخاصة بالدائن (ماهر سليمان عيسى) ، وبعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية البالغة (١٥) خمسة عشرة يوما من اليوم التالي لنشر هذا التبليغ .

منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : خلف عباس عنو

قدم السيد / جوقي خلف عباس طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / وليد فيصل البيجواني

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٧٠/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو: انیت گاور بورمسیتەر

شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (الس حکمت حنا گورگیس) داوای ژمارە ١٧٠/ب/٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردبوو، تێیدا داوای (قەرەبوو (تعویض) دەکات ئەم دادگایە لەرێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٢ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بەپابەندکردنت بە (دانی بڕی پارەی قەرەبووی داواکار بەبڕی (٣٢,٠٠٠,٠٠٠) سی و دوو ملیۆن دینار عیراقی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی ئاشتی و مارتشمونی) بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بەبڕیارەکە بۆ دەربچێت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بریکارداڕت لەماوەی یاسایيدا نارازیبوونی خۆت یان تێهەلچوونەوە یان پێدڕاچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەرێگای لێژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ١ یەك لە پارکی (نارین) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٩ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتوە و پارەی بانگکەردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ڕەوەز عبدالحمید عثمان) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێنستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- مشاری بڕینی مەڕمەڕ بەزاویە و قیاس بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.

٢- مشاری بڕینی مەڕمەڕ بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٣- رافیعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی ئەمریکی مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٢,٥ طن.

٤- مۆلیدەی کارەبایی بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A١٥.

٥٠٠٠٢٠١٩٩٠

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٢٩٢

ڕێکەوت: ٢١ / ١٠ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١١٤) بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (گواستنەوە و داگرتنی خۆراك بۆ شوێنە دوورەکان) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی کەل و پەلی خۆراکی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانەدەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی ٥ / ١١ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا یان نوسینگە تایبەت بێت بە گواستنەوە وە مۆلەتی نوێ کراوە بێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبڕی ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

د. فەرسەت سۆفی عەلی

پارێزگاری هەولێر

***

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٦٢٤/ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوتی / ٢١/ ١٠/ ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : جهانکیر عبدالعزیز جهانکیر

ڤێ داگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٦٢٤/ش/٢٠١٩) ل ڕۆژا (٢٠١٩/٩/٣٠) ١. پەسەندکرنا مارا برینا دەرەکی دناڤ بەرا تە و داواکاری دا (نجلاء جمیل شهباز) ل (٢٠٠١/٨/٧) لسەر مارا پیشەکێ (١٠,٠٠٠) دەە هزار دینار عراقی ومارا پاشەکی (١٩,٥) نوزدە مثقال و نیڤ . ٢. گەهاندنا ڕەها زاروکی (شیرزاد) ژ دایك بووی (١/ ٢٠٠٥/١٢)بوتە وبو داواکاری (نجلاء جمیل شهباز) و ژبەر نەبیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە و تە مافێ نە ڕازیبونێ وێڕاچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایيدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥

ژمارە: ٧٩٢١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠

ئاگاداری

لەسەر داوای داواکار (ئاراز عمر صبری) بۆ ئەم دادگایە بەمەبەستی لەئامێز گرتنی مندالّەکەی(دروڤە شاد برادوست) بەهۆی ئەوەی باوکی ئەو منالّە شوێنی نادیارە ، دادگا بریاریدا ئاگاداری (شاد برادوست عبدالله) بکاتەوە بەهۆی یەک ڕۆژنامەی ناوخۆ ئامادەنێت لەم دادگایە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە دەرچونی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە دووەم ڕۆژی دەرچوونەکەیەوە هەژمار دەکرێت ئەگەر ئامادەنەبێت لەماوەی دیاریکراودا ئەوا دادگا هەڵدەستێت بە کاری یاسایی.

دادوەری یەکەم/ د.سرار علی عزیز

***

ئاگاداری

مالّپەڕێکی ئەلیکترۆنی بەناوی (Shoppilin.com) کە خاوەن ئیمتیازەکە (احمد محمد علی) سەرنووسەرەکەی (محمد علی) لەشاری هەولێر، دەکرێتەوە هەرکەسێك تێبینی هەیە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلە بکات (٠٧٥٠٧٤٧٧٧٧٧).

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٥/٢٠٣٨

ڕێکەوت/١٦/١٠/٢٠١٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لەبەشی قەرزار مۆلکی ژمارە ٥/٤٧٨٦ کە کەوتوەتە ك ٩٣ حصارۆك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار مصطفی صابر مصطفی کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی شرکە FILO FOOD بەبڕی/ ٦٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولّاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٥/٤٧٨٦ ك ٩٣ حصارۆك

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لەدوو خانوو خانووی قەرزار یەك نهۆم لە ٢ ژوورو حمام و مرافق و مطبخ و خانووەکەی تر دەستووری سلێمانی یە.

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٥٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ خێزانی قەرزار داوای مانەوەی نەکرد

٨ – نرخی قرساو/ ٦٢,٠٠٠,٠٠٠ شەست و دوو ملیۆن دینار.

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٦٢٤٦/١٠

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢١

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی ١٥ پازدە یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٣/٥٦٣٠ ك ٧٦ کونەگورگ ڕووبەر/ ٣٥٤,٦٤م٢ ڕەگەز/ نیشتەجێ تێبینی/ پێویستە بەشداربووی پڕۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٦٢٥٠/١٠

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢١

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی ٣٠ سی یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٣/٣٣٠٨ ك ٧٦ کونەگورگ ڕووبەر/ ١٦٠م٢ ڕەگەز/ نیشتەجێ تێبینی/ پێویستە بەشداربووی پڕۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (جیمس کورکیس وردا) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی / تاك) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / زیاد محمد سعید

ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٠١٨٤٣٣

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (E.S.O) بۆ خزمەتگوزاری نەوت/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (E.S.O) بۆ کۆمپانیای (E.O.S)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (صباح حاجی خضر) بۆ گەشت و گوزار/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

University of KURDISTAN Hewlêr

ئاگاداری

زانکۆی کوردستان هەولێر پێویستی بە کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری هەیە بۆ خاوێنکردنەوەی کەمپی زانکۆ، بۆیە هەر کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم تەندەرە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

١- ئەزموونی کاری لەم بوارە دا هەبێت.

٢- کۆپیەك لە بەڕاییەکان و مۆڵەتی کۆمپانیا .

٣- هەموو بەڵگەکان بە پەسەندکراوی پێشکەش بکات.

٤- دواییین مۆلەت بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکان ڕۆژی ٢٨,١٠,٢٠١٩.

بۆ زانیاری زیاتر و بینینی شوێنی زانکۆ، بەڵێندەر دەتوانی سەردانی زانکۆی کوردستان هەولێر بکات یان بۆ هەر ڕوونکردنەوەیەك پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفونی ٠٧٥٠٤٨٣٦٤٦٠

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ٨٨٩
ژمارە: ١٠٦ (٢٠١٦/٨٣)
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
پێراگەیاندن
بۆ/ن.ض.د.٧ (بروا صباح صدرالدين)
پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت نامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٦/٨٣) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی کارمەندان.
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامة).
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٣٦٣٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگاداری
بۆ/ فاطمه حمد مصطفى
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ریکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (ازاد عمر احمد) کە بڕی (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٢٥٣١/٥٤/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بۆ/ بەڕێز (م. هێمن تحسين عيسى)
بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر)
لەبەشی پڕۆگرامسازی لە کۆلێژەکەمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٤٤٣/٥٤/٧) لە ٢٠١٩/١٠/١٣ تایبەت بە نەهاتنت لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٧ وە دەست بەکاربوونەوەت لە کارەکەت دوای تەواوبوونی مۆڵەتی ئاساییت تاوەکو ئێستا بۆیە داواکارین بەگەرانەوەت بۆ سەر کارەکەت لە ماوەی (٧) رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ٣٠ رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە دەست بەردار دادەنرێت لەکارەکەت بەپێی برگەی ٢ لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ راستکراو کۆتایی بەراژەکەت دەهێنرێت.
پ.ی.د. نژاد احمد حسێن
ڕاگر
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ١٦٩٤/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ داوالێکراو/ (فرهاد انور مولود)
داواکار (فریا محمد علی) داوای ژمارە (١٦٩٤/ب/٢٠١٩/١) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان, وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێ یاداشتی موختاری (پارێزگای هەولێر/گەڕەکی زانیان و هەڤالان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بە پابەندکردنت (١٧١٥٥) حەڤدە هەزارو سەدو پەنجاو پێنج دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٢٠٥٨٦٠٠٠) بیست ملیۆن و پێنج سەدو هەشتاو شەش هەزار دیناری عێراقی، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بە بڕیارەکە لە ڕێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارەو بڕیارێکی پاشملەیەو (شایەنی نارازی بوون و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوەومافی تانەلێدانت هەیە) و لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا. بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٥٨/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٢٨٥٤٠/هەولێر – تایبەت) جۆری (کیا سیراتو صالون) مۆدیل (٢٠١١) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (ناصر عزيز رشيد) لە رۆژی (٢٠١٩/١١/٦) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با نامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٩,٠٠٠,٠٠٠ نۆ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ٢٦٥٠/ب/٢٠١٩/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٥
داواکار: جلال احمد خضر
داوالێکراو: شيرزاد احمد خضر و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – گەرەکی رزگاری – نزیك بازاری کوران
ژمارە مولك: ٧٧١/٢١٨ ك ٤٤ وارش
پێکهاتووەکان: مولکەکە دوو خانووی بەنافەرمی لەسەر دروستکراوە یەکێیان ١٠٠م٢ کە بابەتی داوایە و پێکهاتووە لە خانوەکە کەلاوەیە لە دوو ژوورو مەتبەخ و حمام و تواليت بەخشتی سوور دروست کراوەوە پڕە لە زبڵ و خاشاك خانووی دووەم ١٠٠م٢ پێکهاتووە لە یەك ژوورو تارمە و مەتبەخ و حمام و بەخشتی سوور دروست کراوە سەریشی بەکۆنکریت داپۆشراوە.
رووبەر: ٢٠٠م٢
نیشتەجێ: رەنجدەر محسن عزيز – کڕێ نادات لەکاتی فرۆشتندا دەرناچێت.
نرخی خەملاندن: ٣٦,٠٠٠,٠٠٠ نرخی خانووی یەکەم
٣٦,٠٠٠,٠٠٠ نرخی خانووی دووەم
٧٢,٠٠٠,٠٠٠ حەفتاو دوو ملیۆن دینار
لەسەر بڕیار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٢٦٥٠/ب/٢٠١٩/٢ ازالە الشيوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی رۆژ دوای بلاوکردنەوە لە رۆژنامەی رۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش بێت یان هاوبەش نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی کردنی ڕێژەی یاسایی ١٠٪ لە خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
***
دادگەها ڤەکولینا دهوك
ژمارە: ٢٠١٩/٢٩٧
رێکەفت: ٢٠١٩/١٠/١٦
راگەهاندن
ئاماژە ب کێشا ڤەکولینی یا ژمارە (٢٠١٩/٢٩٢) یا بناڤی هەولدر (دێژین کەال رمضان) لدور بەرزەبوونا هژێنی وێ بناڤێ (شەال انور احمد) ئەوا تومارکریە ل بنگەهێ پولیسێن سەرهلدان:
ل رێکەفتی (٢٠١٧/٦/١١) هاوەلاتی (شەال انور احمد) ژ دایك بووں (١٩٩٤/١/١) ناڤێ دەیکاوی (سمیه محمد) یێ بەرزەبووی و هەر کەسەك پێزانین لسەر هەبێت یان جهی ئاکنجیی بو ناوی ئاگەهداریا مە بکەت..
دادوەر/ رەژڤان حبيب محمد
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی دوو
ژمارە: ٧٥٦ – ٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١
ئاگاداری نامە
بۆ/ تۆمەتبار/ ج. أول: هەریم اکرم رشید
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ دادگاکەمان بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٣٣/یەکەم و ٦٢/سێ یەم لە یاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩) ساڵی (٢٠٠٧) لەسەر تاوانی (هەڵهاتن و بردنی کەل و پەلی سەربازی) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا ئاگادارت بکەین بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لەبەرواری هەڵواسینی ئاگاداری نامەکەت لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت وە بەپێچەوانەوە دادگایی ئەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا وە هەموو فەرمانبەرێکی گشتی پابەندە بە دەستگیرکردنت وە هەر کەسێك زانیاری هەبێت دەربارەی شوێنی خۆشاردنەوەت پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی عەسکەری.
ناونیشان:
پارێزگا/ کرکوك/ قەزای چەمچەماڵ
عمیدی مافپەروەر
عبدالرحمن ملا محمد طاهر
سەرۆکی دادگای سەربازی دوو
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی دوو
ژمارە: ٦٨ – ٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١
ئاگاداری نامە
بۆ/ تۆمەتبار/ پ.م: سردار فائق احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ دادگاکەمان بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٣٣/یەکەم لە یاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩) ساڵی (٢٠٠٧) لەسەر تاوانی (هەڵهاتن) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا ئاگادارت بکەین بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لەبەرواری هەڵواسینی ئاگاداری نامەکەت لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت وە بەپێچەوانەوە دادگایی ئەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا وە هەموو فەرمانبەرێکی گشتی پابەندە بە دەستگیرکردنت وە هەر کەسێك زانیاری هەبێت دەربارەی شوێنی خۆشاردنەوەت پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی عەسکەری.
ناونیشان:
پارێزگا/ سلێمانی/ قەزای کفری
عمیدی مافپەروەر
عبدالرحمن ملا محمد طاهر
سەرۆکی دادگای سەربازی دوو
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/١٣٥٣/ش/٢٠١٩
رێکەفت/٢٠١٩/١٠/٢٠
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (غریبه مصطفی صالح) ل دیف داخازیا داواکار (محمد رشید محمد) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریارا پەسەندکرنا جودابونی(تصدیق ایقاع الطلاق) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونێ تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ k.r.o ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٨ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر / مروان عادل اسماعيل
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٠٦٠/ت/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا تەردی یا ژمارە (١٩٩٥٤/١) کەرتی ٤١ کری بانی) یا قەرزدار (هافانا محمد زکی) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٩٩٥٤/١) کەرتی ٤١ کری بانی)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئیك تابقە
رووبەر :- (٢٠٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتی ودوو ملیون دیناری عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٣١٨ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/١٠/٢٠
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (هیلان عبدالسلام محمد داود) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارین (مصطفى محمد داود ونارنج محمد داود وفيروز محمد داود وسيران محمد داود) ئەوێ تێدا داوا دکەن نەهیلانا هەڤپشکیا لسەر خانووبەرا ژمارە ٣٩٤/٢٩ کەرتی ٨١ دهوکا روژ هەلات وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادی ل دهوکی ژمارە (٢٦٢٨) ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٩ وراپورتا هەڵبژێری تاخی دابین (١) ل ٢٠١٩/١٠/٨ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ئەڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩)ی سپێدێ روژا ٢٠١٩/١٠/٣٠ وئەگەر ئامادە نەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / عزيز محمد سعيد
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٤٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (احمد عمر حسن) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب (الحضانه) یا زاروکی ناکام (انس ژ دایك بووی ٢٠١٢/٢/١١ وایە ٢٠٠٩/٧/٢٤) ژ تە بو داواکار (سوزان رشید عبدالله) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ تاخی خەبات ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زيرك محمد صديق عبدالكريم
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٣٣٢/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (ڤیان بیبو قادر) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/١٧ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (شریف ابراهیم حسن) بریاردا ب (تصديق الطلاق الخارجي) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زيرفان احمد حسين
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١١٥١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (هشیار عبدالکریم سرحان) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/٣٠ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (سوزان مصطفى سليمان) بریاردا ب (التفريق القضائي) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعيل
***
قائمقامیا قەزا سێمێلێ
کارگێری
ژمارە/ ٨٢١٦
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
ئاگەهداری
ل دویف ماددێ (٤) برگا (٥) ژ ریّنماییّن ژمارە (١) ساڵا/ ٢٠١٥ پێن وەزارەتا نافخو /ڕێڤەبەریا گشتی دیوان لیژنا تایبەت یا بەرفرەهکرنا مەشاعێ گوندا ل قەزا مە رابوویە ب کارێ خو بو بەرفرەهکرنا مەشاعێ گوندێ (هەژیرکێ) ل سەر پارچێن (٣,٢) کەرتی (٢٩) هەژیرکێ ل سنورێ قەزا مە ئەڤجا هەر کەس ولایەنێ تانە هەبیت پێشکێشی لیژنا مە یا تایبەت بکەت ئەوا ل سەری ئاماژەپێکری دماوێ (١٥) روژاندا ژ بەلافکرنا ئاگەهداریێ
حسين خالد سعيد / قائمقامێ قەزا سێمێلێ
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٦٤٠ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (لؤی موفق كامل)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) روژا ژ روژا بەلافکرنا ئ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ریکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفيذية) وبەروڤاژی دێ نەچاری ریکێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونية الجبرية) بین
هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای کەتن حاجیاوا
ژمارە/ ٣٣٠/ك/٢٠١٤
بەروار: ٢٠١٩/٩/١
ئاگاداری
بۆ تاوانباری ڕاکردوو/ یونس عزیز حسین
ئەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە (٣٣٠/ك/٢٠١٤) لە رۆژی (٢٠١٥/٣/٣٠) بڕیاریدا بەبەندکردنێکی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بەپێی بەشی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ بەوپێیەی لەرۆژی دادگایکردنتدا نامادەنەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی ئاگادارکراویتەوە وبەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارماندا بەئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارە کە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بەختەوەر صابر سعيد
***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	CWT Engineer
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

HSSE
- Promotes compliance with DNO Policies and standards.
- Participates in HSSE and nonconformance event investigations and reporting as required.
- Conducts safety audits when on field visits

Planning and Operations
- Prepares intervention and workover programs in a timely manner to ensure proper review and approvals
- Liaises with CWT team in-country to prepare for execution
- Assures well integrity
- Help CWT team and prepares timely end of job reports
- Ensures proper communication with relevant parties – service providers and stakeholders etc.
- Prepares Risk Analyses and arranges HAZID/HAZOPS as per DNO Asset Integrity Standard

Performance and Cost Monitoring
- QA/QC of data in Daily Workover Report
- Monitors daily costs
- Participates in cost control of programs vs budget.

Required Qualifications & Experience:
- 4 years+ experience in well engineering with specific focus on workover and intervention
- Experience in well testing
- Experience in Coil tubing operation
- Experience in Slick line operation
- Bachelor Degree in a relevant subject

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/10/22 ژمارە (5854)
خەبات

کەتەلۆنیا..

خۆپیشاندان دژبە بڕیارەکانی دادگای باڵا



پۆلیسی ئیسپانیا دەستوەردانی کرد لەو خۆپیشاندانانەی بۆ پرۆتێستۆکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵا رێکخرابوون کە دەرهەق بە سیاسەتمەدارانی کەتەلۆنیا دەریکردبوون.

دەستگیرکراون.فریاگوزاری بەپەلەی کەتەلۆنیا (SEM)، باسی لەوە کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران لەکاتی دەستوەردانی پۆلیسدا بە سووکی بریندارببوون و چارەسەریان بۆ کراوە.هاوکات بەڕێوەبەرانی فڕۆکەخانەی ئیسپانیا AENA، ئاماژەیان بەوە کرد کە بە هۆی خۆپیشاندانەکانەوە 108 گەشتی فڕۆکە لە بەرشەلۆنە هەڵوەشێندراوەتەوە.سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا، پێدرۆ سانشێز ئومێدی خواست حوکمەکانی دادگای باڵا ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە نێوان بەرپرسانی نیشتمانی لە مەدرید و جوداخوازانی بەرشەلۆنە، ئەوەشی خستەڕوو کە بڕیارەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەوڵەکانی سەربەخۆیی سالّی 2017 کارێکی خراپ بوون.

سانشێز داوای کرد خەڵکی واز لە لایەنگری توندڕەوی بهێنن و بچنە قۆناغێکی نوێوە.

لە لایەکی دیکەوە، وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا، جۆسێپ بۆرێل رایگەیاند "تاکە دەستوورێک لە ئەورووپادا نییە کە دەسەڵات بدات تاک لایەنە سەربەخۆیی رابگەیەندرێت.سەرۆکی حکوومەتی ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیا، گویم تۆرا بڕیارەکانی وەک تۆڵەیەک لە قەڵەمدا و رایگەیاند "حوکمەکان ناتوانن پێداگریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ راگرن.هەروەها سەرۆکی پێشووی حکوومەتی ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیا، کارلێس پوبگدیمۆنت کە لە تشرینی یەکەمی 2017دا بەرەو بەلجیکا هەڵات، رایگەیاند "هەڵبژاردنە گشتییەکان هەلێکی مەزنن بۆ کاردانەوە بەرامبەر ئەو بڕیارانە و جەختکردنەوە لەسەر پێداگریی جوداخوازی کەتەلۆنیا ."دادگای باڵا لە ئیسپانیا، لە کۆی 12 سیاسەتمەداری کەتەلۆنیا کە بەتۆمەتی ریکخستنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دادگایی کرد، سزای زیندانی نۆ ساڵ بۆ 13ساڵی بەسەر نۆ سیاسەتمەداریاندا سەپاند.

پۆلیسی ئیسپانیا دەستوەردانی کرد لەو خۆپیشاندانانەی بۆ پرۆتێستۆکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵا ڕێکخرابوون کە دەرهەق بە سیاسەتمەدارانی کەتەلۆنیا دەریکردبوون.

لەو دۆسیەدا زیاتر لە 500 کەس شاهیدیان دا

لەم نێوەندەدا، لەو دۆسیەی دادگای باڵا بەڕێوەی دەبرد، زیاتر لە 500 کەس کە سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتە، ماریانۆ راجۆی-شیان لەنێودابوو شاهیدیان دا. نزیکەی 50 کەسالّی نیشتمانیش دۆسیەکەیان گواستەوە.پارێزەرانی دۆسیەکە باسیان لەوە کرد کە ڕێبەرانی کەتەلۆنیا داخوازییەکانی خەڵکیان جێبەجێ کردووە.لە لایەکی دیکەوە، چاوەڕوان دەکرێت رۆژی یەکشەمە دووبارە خۆپیشاندان سازبکرێتەوە لەسەر دەرکردنی سزای زیندانیی بۆ سیاسەتمەدارانی جوداخوازی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا.

قۆناغەکەی کەتەلۆنیا

دۆسیەی دادگاییکردنی 12 سیاسەتمەداری کەتەلۆنیا و ڕێبەری ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هۆی ڕێکخستنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کە چوار مانگی خایاند لە 12ی حوزەیراندا کۆتایی هات.سەرەڕای ئەوەی دادگای دەستووری ریفراندۆمەکەی بە نایاسایی لە قەڵەمدا، بەڵام ئیدارەی ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیا لە یەکی تشرینی یەکەمی 2017دا ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا، بەو هۆیەشەوە 12 تۆمەتبار دادگایی کران کە نۆیان بە دەستبەسەری و سیانیان بێ دەستبەسەری دادگایی کران.بەتۆمەتی "ڕووخاندنی بەشێک یان تەواوی شیرازەی دەستووری بە ڕێگەی تۆندوتیژی. "ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی یاسا" گوێڕایەڵی نەکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت "و "خراپ بەکارهێنانی موڵکی گشتیی "داوای حەوت ساڵ بۆ 25 ساڵ سزای زیندانی دەکرا بۆ تۆمەتبارانی دۆسیەکە.

وێنەو کۆمێنت

دیمەنێک لە خۆپیشاندانەکەی خەڵکی بەریتانیا دژی کشانەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا، خۆپیشاندەران داوای ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی دیکە دەکەن سەبارەت بە بڕیکزت.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1940:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا ئیتاڵیا شەڕی لە دژی یۆنان ڕاگەیاند .




سالی 1962:
جۆن کینیدی سەرۆکی ئەمەریکا ئابلۆقەی دەریایی و ئاسمانی خستە سەر کوبا .



سالی 1989:
پەرلەمانتارانی لوبنان ڕێککەوتنی تائیفیان واژۆ کرد .



سالی 2015:
لە قوتابخانەیەکی شاری ترولهاتنی سویدی گەنجێک هێرشی کردە سەر ژمارەیەک قوتابی و دوو کەسی کوشت و چەند کەسێکی دیکەی بریندار کرد .



سالی 2017:
لە ترسی باهۆزی لان ، حکوومەتی ژاپۆن 380 هەزار کەسی لە ناوچەکانیان دوور خستەوە .



سالی 2018:
دەست بەسەر ژمارەیەک پۆستی بۆمبڕێژکراودا گیرا کە ئاراستەی ناحەزانی تڕەمپ کرابوون.

www.xebat.net
ژمارە (5854) 2019/10/22 سێ شەممە

لوبنان، ڕاپەڕینێکی ڕاستەقینەیە



عەدیم نەسار

دوای دوو ڕۆژ لەو ئاگرە گەورەیەی، دارستانەکانی لوبنانی گرتەوە و دەریخست، کەرتی پێشبینیکردن و بەدواداچوونی کارەساتەکان و گەندەڵی لە لوبنان چەند کەمتەرخەمە، حکومەتی لوبنان کۆ بوویەوە، بۆ ئەوەی چەردەیەک باجی تازە، بۆ چارەکردنی کورتهێنانی بودجەی گشتی بسەپێنێت، لەو کاتەی ئابڕووچوونی دەستەوارەکان، کە بەهەدەردانی ملیۆنەها دۆلاری لە کەرتەکانی گومرگ، پەیوەندیکردن، کارەبا، بەنداوەکان، پەروەردە، تەندروستی و هی دیکەشی ئاشکرا کردووە، هێشتا قسەو باسی خەڵکییە. پێش سەپاندنی ئەو چەردە باجە، وەزیری ژینگە، فادی جریساتی، لێدوانە بەناوبانگەکەی دا: ((من باج دەدەم و لەسەر باجدان بەردەوام دەبم.

هەتا ئەگەر بشزانم دەدزرێت، داوا لە هەموو لوبناننییەکان دەکەم، باجەکانیان بدەن، هەتا ئەگەر دڵنیاش بوون دەدزرێت)). چالاکەکانیش بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە: ((ئەگەر پارەی باجەکان بدزرێت، تۆ لە دەسەڵات بەشداریت، کەواتە لە دزیکردنیش بەشداریت، واتە (لە عەباوە بۆ گیرفان) بەڵام ئێمە داوامان لێ دەکەیت، بێ بەرامبەر پارە بدەین، ئەوەش باجدان نییە، ئەوە خاوەیە)). لەوەتەی ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردووەوە، لە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی، حکومەت بەنیازە چەردەیەک باجی تازە بەسەر هاوواڵتیاندا بسەپێنێت، لوبناننییەکان دەستیان بە جوواڵەکردن کردووە، کە بۆ ڕاپەڕینێکی میللی گۆڕا، لە بەیروتەوە دەستی پێکرد و لە هەموو ناوچەکانی لوبنان بڵاو بوویەوە، لەوپەڕی باکوورەوە بۆ ئەوپەڕی باشوور، لە بیقاع و هەموو قەزاکانیشی. زمانی هەموو خۆپیشاندەرەکانیش دەڵێت "گەیشتە کوونە لووتمان". لە بەیروتدا، خۆپیشاندەران کە بەرە بەرە ژمارەیان زۆر بوو، تاکو گەیشتە هەزارەها، لەسەر شەقامەکانی ناوەڕاستی پایتەخت، لە پردی رینگەوە بۆ گۆڕەپانی شەهیدان بەرەو ناوچەی سەیفی بۆ گۆڕەپانی ریاز سولح، کە هاوتخوبی کۆشکی میرییە، دەستیان بە جوولەکردن کرد. هەموو هوتاف و دروشمەکان، سەرکۆنەی هێزەکانی دەسەڵاتیان دەکرد، تاکو دەگاتە داواکاری بە دەست لەکارکێشانەوەی هەموو ئەوانەی، پۆستیان لە دامودەزگاکانی دەسەڵاتدا هەیە، بەو گوزارەیەی ئەوان بەرپرسن لەوەی ڕەوشی لوبنانییەکان، لە لێژبوونەوە، کە هەموو بوارەکانی ژیانی، بە پاروو نان و ئازادییەکانی گشتیشی گرتووەتەوە پێی گەیشتوون. چەند خاڵێکی دیکەی خۆپیشاندان، لە مەشرەفیە لە بەیروت، کە بەڵای باشوور دەڕوانێت دەرکەوتن، شەقامە سەرەکییەکانیان داخست، پاشان ڕوویان لە شەقامی فرگەی ڕەفیق حەریری نێودەوڵەتی، وەکو هەوڵێک بۆ داخستنی کرد. هاوتا خۆپیشاندانەکانی دژ بە گەندەڵی دەسەڵاتداران، لە گەڕەکەکانی باکووری بەیروت و شەقامی باکووری بەیروت تەشەنەیان کرد و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی وڵاتیان گرتەوە: نەبەتیە، سەیدا، سۆر و تەرابلوس. شەقامە سەرەکییەکانی سەرتاسەری بیقاع، باکوور و باشووریش داخران. ئەوە جاری یەکەم نییە، کە لوبنانییەکان گوزارە لە تووڕەیی خۆیان لە دژی سیاسەتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وێرانکەر دەکەن، هێشتا هێزە سیاسییە باڵا دەستەکان، چەندین دەیەیە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدار گرتووە، بارگرانیان خستووەتە سەر چینەکانی میللی، کە بەهۆی نەمانی چینی ناوەڕاست و لێژبوونەوەی، بازنەکەی فراوانتر بووە. بەڵام، وا پێدەچێت، ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات، لە حاڵەتەکانی ناڕەزایی پێشوو جیا بێت، چ لە ڕووی فراوانبوونی بازنە جوگرافی و میللییەکەی، یان لەبەر خۆڕسکییەکەی، یان لەبەر بێ توانایی لایەنە سیاسی و تایەفییەکان لە بڕینی ریزەکانیدا. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، ئەوەی لە هەموو ناوچەکانی لوبنان سەرنج دەدرێت: کودەتایە، ئەوەی بە ئامێزی کۆمەڵایەتی دەناسرا، بەسەر هێزی تایفەگەری، کە خۆی تێدا مەڵاسداوە. لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، شاری نەبەتیە، شکاندنی پەنجەرەی پەرلەمانتارانی حزبوڵڵای بەخۆوە بینی، لە شاری سۆر، هوتاف کێشان و دروشمی دژ بە سەرۆکی پەرلەمان، نەبیە بەڕێ و هاوسەرەکەی ڕەندە بەڕێ بەخۆوە بینی، لە تەرابلوس، نووسینگەکانی ڕەوتی نیشتمانی ئازاد تێکشکێندران. لەچەند ناوچەیەکی جیا جیاش، خۆپیشاندەران لەبەردەم ماڵ و نووسینگەی پەرلەمانتار و سەرکردەکانی سیاسی گرد بوونەوە و ئاگریان لە تایەی ئۆتۆمبێل بەردا. خۆڕسکی ڕاپەڕینەکە و هەڵچوونەکانی، وای لە شەقامی لوبنانی کردووە، بەتوندی بەڕووی هێزەکانی دەسەڵات یەک بگرن. هەزارەها خۆپیشاندەر ڕۆژانە سەر شەقامەکان، بێ ئەوەی هیچ دروشمێکی حزبی یان تایەفی بەرز بکەنەوە. هوتافەکان هەمووی لەدژی دەسەڵاتن، کەسیش هاوێر ناکەین. هێزەکانی دەسەڵات، واقیان وڕماوە و بێدەنگن، هیچ قسە یان لێدوانێک نادەن، بێجگە لە ڕاگەیاندراوی وەزیری پەیوەندیکردن نەبێت، کە دووپاتی کردەوە، باجە تازەکەی سەر پەیوەندیکردنی وەتسئاپ و ئینتەرنێت، کە حکومەت لە دوایین دانیشتنی بڕیاری لەسەر درابوو، ڕەت کرایەوە. دوای گواستنەوەی دانیشتنەکەی ئەنجومەنی وەزیران، کە بڕیار بوو ڕۆژی هەینی لە سەرای میری بکرێت، بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی دانیشتنەکە کە بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی 2020 بوو، ڕەت کرایەوە و نەکرا. گەورەیی شەقام و فراوانبوونی بازنەی خۆپیشاندانەکان، وای کرد هێزەکانی ئاسایش و سوپا بێ لایەن بن، تەنیا چاودێری جوولەی شەقامەکانیان دەکرد، بێجگە لەو بەگژیەکداچوونەوەی لە نزیک سەرای میری، لە درەنگانی شەوی پێنج شەمە و هەینی ڕووی دا، کاتێک خۆپیشاندەران بەربەستی ئاسایشی چواردەوری سەرایان بڕی و گەیشتنە باخچەکەی دەرەوەی، دەیەها بۆمبی فرمێسک ڕێژ بەسەر خۆپیشاندەران باری و پەرتەیان پێکرا، بەڵام گردبوونەوەکان، بەدرێژایی شەو بەردەوام بوون و ڕۆژی هەینیش درێژەیان هەبوو، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان لەسەر شەقامەکانی بەیروت و گۆڕەپانی زۆربەی شار و شارۆچکەکان گرد بوونەوە. بەهۆی داخستنی شەقامە سەرەکییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا، لوبنان، کەوتە بەر فشارێکی ئابووری گەورە، کە ڕۆژانە زیانی بە دەیان ملیۆن دۆلار دەگەیاند، بانکەکان و دامودەزگا دارایی و بازرگانییەکان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ داخران، تەنیا نەخۆشخانەکان، دەرمانخانەکان، هەندێ سوپەر مارکێت و دامودەزگای لۆکاڵی بچووک نەبێت، لەوکاتەی مامۆستایان بایکۆتی دەوامکردنیان لە ڕۆژانی داهاتوو ڕاگەیاند. ناتوانین ئێستا پێشبینی ئەنجامە سیاسییە ڕاستەوخۆ و خێراکانی ئەو ڕاپەڕینە بکەین. کەچی شەقام لە ڕۆژانی ڕابردوودا، بااڵدەستی خۆی سەلماند، لەوکاتەی هێشتا هێزەکانی دەسەڵات و دامودەزگاکانی دەوڵەت، بێدەنگیان هەڵبژاردووە، بەڵام پەیوەندیکردنی نێوانیان نەوەستاوە. وەزیری ناوخۆ، خاتوو ڕیا ئەلحەسەن، هەوڵ دەدات دەستوبردی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوشەکەدا بنوێنێت، زیاتر چاوی داوەتە سەر کردنەوەی شەقامەکان، بەڵام وەکو ئەوە وایە، کە لە دەرەوەی ژیانوار و پەردەسەندنەکانیدا بژیێت. لەوکاتەی شەقام، داواکارییەکانی لە گوزەرانەوە بۆ سیاسیی هەڵکشاند و، خۆپیشاندەران دەستپێشخەری سووتاندنی وێنەی هەر سێ سەرۆک و وێنەی حەسەن نەسرواڵڵا، ئەمینداری گشتی حزبوڵڵایان کرد، دووپاتیشیان کردەوە، پێویستە حکومەت و سەرۆک کۆمار دەست لەکار بکێشنەوە، پەرلەمان هەڵوەشێتەوە و هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام بدرێت، چاودێران لە ئاستی ئەو جۆرە ئەگەرە و لێکەوتەکانی دەپرسن. ئایا شەقام دەتوانێت، بڕیارەدە سیاسییەکانی بسەپێنێت؟ ئایا سەرۆکی حکومەت، سەعد ئەلحەریری، حکومەتەکەی دەکێشێتەوە؟ ئەوکات، ئایا پێمان وا دەبێت، سیاسەتی دارایی، کە تاکو ئێستا پەیڕەوکراوە، لەسەر شەقام کەوت و کێ جێگرەوەی پێشکەش دەکات؟

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alarab.co.uk



مانشێت



سکای نیوز:
بە مەبەستی دریژەدان بە شەڕ دژی داعش ، سەرۆکی ئەمەریکا بەنیازە 200 سەربازی وڵاتەکەی لە باکوری سووریا بهێڵێتەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لەسەر سنووری کشمیر و لە ئەنجامی پێکدادانێک لە نێوان سوپای هیند و پاکستان ، 9 کەس کوژران .



ئیلاف:
لە پۆلیڤیا خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆتایی هات ، ئەگەرچیش سەرۆکی ئێستای ئەم وڵاتە لە پێشەوەیە بەاڵم دەنگی تەواوی بەدەست نەهێناوە .



ئەی ئێف پی:
یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند کە دارمانی گفتوگۆی نێوان ئەمەریکا و تالیبان دەرفەتێک بۆ ئەنجامدانی دانوستانی دیکە دەخولقێنێ لە ئەفغانستان .



دۆیچە ڤیلە:
کارمەندانی چوار کۆمپانیای فرۆکەوانی لە ئەڵمانیا بە مەبەستی بەرزکردنەوەی مووچەکانیان بۆ ماوەی یەک ڕۆژ ڕوویان نەکردە شوێنی کار، بەمەش چوار فرۆکەخانەی ئەم وڵاتە تووشی کێشەی گەورە بوون.



کەنالی ئار تی :
هایکۆ ماسی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە .

بۆچی هەفتەی دووجار ماسیی بخۆین؟



کۆمەڵەی خۆراکی ئەڵمانی دەڵێت: ماسیی سوودی زۆری هەیە چونکە مەترسیی توشبوون بە کێشەکانی دڵ و جەڵتەی مێشک و کەڵکەبوونی رۆن لە خوێندا سنووردار دەکات.

ئەو کۆمەڵەیە ڕوونیکردەوە کە ئەوەش بۆ پێکهاتەی دەڵەمەندی ماسیی دەگەڕێتەوە بە تەرشی رۆنی ئۆمیگا 3 کە هاوکارە بۆ باشکردنی جوواڵەی خوێن و ڕێگا بە نیشتنی چەوری لە بۆڕییەکانی خوێن نادات سەرەڕای سوودی بۆ گەشە و پەرەسندنی مێشک.

ماسییە دەریاییەکان وەک سەڵەمون و مایکرێڵ بڕێکی زیاتریان لە توخمی یۆد تێدایە بە بەراورد لەگەڵ ماسیی ئاوی شیرین، یۆدیش زۆر گرنگە بۆ فرمانەکانی دەرهاوێژی دەرەقی، هەروەها ماسیی بە گەنجینەی ڤیتامینەکان دادەندرێت وەک ڤیتامین Aکە گرنگە بۆ پێست و ڤیتامین B6 کە گرنگە بۆ بنیتنانی خوێن و ڤیتامین D کە گرنگە بۆ ئێسقان.

ئەو ماسییانەی گۆشتیان سوورە وەک سەڵەمون و مایکرێڵ و ڕەنجە و تونە ڕێژەیەکی زیاتر لە ڤیتامینیان تێدایە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ماسییانەی گۆشتیان سپییە.

بۆ سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندی ماسیی کۆمەڵەی خۆراکی ئەڵمانی ئامۆژگاری یەک جار یان دووجار خواردنی ماسیی دەکەن لە حەفتەیەکدا.





پێشانگای کشتوکاڵی پایزی هەڵەبجە

پارێزگای هەڵەبجەی نمایشکرا وەک هەنار و هەنگوین و گەنمشامی و تریّ و سرکە ڕوبەهەنار و شەربەتی هەنار و گوێزی هەورەمان و زەیتوون و زەیتی زەیتوون و شیرەمەنی و چەندین وەک نەریتێکی تایبەتی ساڵانە و بە بەشداری 120 جوتیار بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە پێشانگای ساڵانەی خۆی ئەنجامدا کە تێدا چەندین جۆری جیاوازی بەرهەمی جۆتیارانی بەروبوومی کشتوکاڵی و سەوزەوات و کاری دەستی ماڵان و خواردنی کوردەواری بەناوبانگی ناوچەکە. ئەو پێشانگایە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو لە ڕۆژانی 17 تاکو 2019/10/19، بڕیار وایە وەک بازارێکی حەفتانە لە دوای پێشانگاکە شوێنەکە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ نمایشکردنی بەرهەمی جوتیار و ڕاستەوخۆ فرۆشرتنی بۆ کرێاران.

چەند ڕێنماییەک بۆ چاندنی داری مزرەمەنی

لێرەدا باسی چەند ڕێنماییەک دەکەین کە پێویستە لە کاتی چاندنی داری مزرەمەنی (پرتەقاڵ و لیمۆ و نارنج و لالەنگی و....) لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی پرۆسەکەمان سەرکەوتوو بێت:

یەکەم . چاندنی مزرەمەنییەکان سەرکەوتوو دەبێت لە سەرجەم جۆرە خاکەکانی کوردستان، بەڵام گەشەی باشی کۆمەڵەی سەوز لەسەر جۆری خاک دەوەستێت، پێویستە پێکهاتەکەی مەزیجی تێکەڵ بێت لە نێوان قوڕ و لم و سووک بێت و ئاو ڕانەگرێت و هەواگۆڕکێی باش بێت و چینی ڕەقی تێدا نەبێت. نابێت داری مزرەمەنییەکان لە خاکێکدا بچێندرێت کە ڕێژەی خوێی بەرزە چونکە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی کەمی توخمەکان لەسەر دارەکەدا.

دووەم. کەشوهەوا کاریگەری لەسەر بڕ و جۆری بەرهەم دەبێت، لقوپۆپە تازەکان دەمرن ئەگەر پلەی گەرمی بۆ سفری سەدی دابەزێت، دارەکان دەست بە چالاکی دەکەنەوە کاتێک پلەی گەرمی لە نێوان 32-35پلەی سەدی دەبێت، ڕێژەی گەشەکردن بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی کەم دەبێتەوە و لە پلەی سەدی 39دەوەستێت و لە پلەی گەرمی 50-51 سەدی دا لقە تازەکان دەسوتێن، هەروەها ڕێژەی شێ کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی چاندنی جۆرەکانی مزرەمەنی دەبێت، بۆ نموونە لالەنگی لە کاتی کەمی ڕادەی شێ بەرهەمی کەم دەبێت.

سێیەم. پێش 2 ساڵ لە دامەزراندنی باخی مزرەمەنی دەستەدکرێت بە چاندنی باگیرەوە لە دەوری ئەو زەوییەی مەبەستمانە بیکەین بە باخی مزرەمەنی بۆ پاراستنیان لە تەوژمی بای بەهێز کە دەبێتە هۆی لەربوونی دارەکان و گەشەکردنی لقوپۆپە تازەکان بە یەک ئاڕاستە (بۆ سەردەوە)، هەروەها پلەی گەرمی بەرز و بای وشک دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی ئاو لە نێو دارەکاندا و هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی نیشانەی سوتان لە سەر گەڵاکان و وەرینی بەشێک لە گەڵا بچووکەکان. لەو شوێنانەی کە تەوژمی بای زۆریان هەیە باشتر وایە دوو ریز دار وەک باگیرەوە بچێندرێت و باشترە ریزی یەکەم تەنها 5مەتر لە داری مزرەمەنییەکە دوور بێت (بۆ نەهێشتنی رکابەری لە نێوان دارە سەرەکییەکە و داری باگیرەوە) و نێوان دارەکانی باگیرەوە تەنها 1 مەتر بێت و لە نێوان دوو هێڵەکە 1.5 مەتر بێت بۆ ئەوەی گاریگەری لە گەڕاندنەوەی پلەی گەرمی بەرز و بای وشکی زیاتر بێت.



چەند سوودێکی هەنار بزانە

هەنار پڕیەتی لە ماددە دژە ئۆکسینەکان کە ڕێژەی کۆلیستڕۆڵ کەم دەکاتەوە و خوێنبەرەکان لە ڕەقبوون دەپارێزێت.

تۆزێنەوەکان دەریدەخەن خواردنی دەنگی هەنار و خواردنەوەی گوشراوەکەی ڕێژەی ئۆکسجین بۆ دڵ زیاد دەکات و ڕێگا بە دڵەکوتە و لێدانی زۆری دڵ نادات کە بە هۆی نەخۆشییەکانی ماسولکەی دڵ دەردەکەوێت.

لە هەمانکاتدا تەبەتمەندی چارەسەری و بەرگری زۆر گەورەی هەیە، ئازار شکێنە و پلەی گەرمی لەش (تا) دادەبەزێنێت، هەروەها بەسوودە بۆ ڕاگرتنی خوێنبەربوون بەتایبەتی بە هۆکاری مایەسیرییەوە.

خواردنی بەردەوامی هەنار و گیراوەکەی سوودی بۆ پیاوان هەیە لە کاتی هەبوونی کێشەی لاوازی سێکسی. هەنار لە کاتی دارمێوەی گەڵا وەریو وەک (سێو و هەرمێ و قەیسی و ئاڵوبالوو) شێوەی خزمەتکردنیان لە وەرزێک بۆ وەرزێکی دیکە جیاوازە، بۆ مانگی تشرینی یەکەم پێویستە ئەم ڕێنماییانە پیادە بکرێت بۆ پاراستنی دارەکان و بۆ ئەوەی لە وەرزی گەشەکردن و بەرهەمدا دارێکی بەهێزمان هەبێت:-

یەکەم:- پاراستنی سیستەمی ئاودان و بەردەوام بوون لە ئاودان.

دووەم:- پاککردنەوەی باخ لە گژوگیای زیانبەخش چونکە سەرچاوەی توشبوونە بە نەخۆشییەکانە.

سێیەم:- گرنگیدان بە فیلتەر و دڵۆپێنەرەکانی سیستەمی ئاودان و کۆتایی صۆندەکان.

چوارەم:- زێدەڕۆیی لە ئاودان و تێنوکردنی دارەکان نەکرێت.

پێنجەم:- لقوپۆپە تازەکان دەپشکندرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی دووچاری میرووی مژۆک نەهاتوون.

شەشەم:- کردارەکانی زستانە وەک پەینکردن و ڕشاندنی زستانە و کۆکردنەوەی پاشماوەکانی گەڵا و هەڵکەندنی داری مردوو لە ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکرێت.

حەوتەم:- بە پێی پێویست پەینی کیمیایی بەکار دێت بە گوێرەی بەرنامەی تایبەت بە پەینکردن.

لەم مانگەدا بەم شێوەیە خزمەتی داری میوەی گەڵاوەریو دەکرێت

لەزگەکانی سەر میوە و سەوزەی هاوردەکراو

بەردەوام ئەو میوانەی هاوردەکراون هەندێک جار سەوزەکانیش لەزگەی تایبەتی لەسەر دایە کە ئێمە نازانین ئامانژەیە بۆ چی و چ مانایەکی هەیە، بۆیە لێرەدا باسی ئەو لەزگانە دەکەین:

ئەگەر لەزگەکە لە 4ژمارە پێکهاتبوو و ژمارەی یەکەم 3 یان 4 بێت، واتای ئەو میوەیە بە قڕکەرێکی میرووکوژ ڕشێنداوە و پێویستە پێش خواردن زۆر بە باشی بشۆردرێت.

بەڵام ئەگەر لە 5ژمارە پێکهاتبوون و یەکەم ژمارە 8 بێت، ئەوە بەو واتایە دێت ئەو سەوزەیە یان ئەو میوەیە دەستکاری بۆهێلی (جینی) بۆکراوە ئەوەش مەترسیدارترین جۆری خۆراکە بۆ مرۆڤ.

ئەگەر لەزگەکە لە 5ژمارە پێکهاتبوو و یەکەم ژمارە 9 بوو واتا ئەو میوەیە یان ئەو سەوزەیە ئۆرگانییە، ئەوەش باشترین جۆری خۆراکە و مەترسیی تەندروستیی نابێت.











لەیاریپەکانی خولی نایابی عێراقدا: ئەمڕۆ بەدوو راهێنەرە تازەکە یانەکانی هەولێر و زاخۆ رووبەرووی یەکتردەبنەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

رۆژی 22 / 10 لەگەڕی چوارەمی خولی نایابی عێراقدا چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت، لەوانە لەشاری هەولێر و لەیاریگای نێودەوڵەتی فرەنسۆ هەریری، هەردوو یانەی هەولێر و زاخۆ بەهەردوو ڕاهێنەری نوێ ڕادان یاسانین و عەلی هادی ڕووبەرووی یەکتردەبنەوە، هەولێر بەڕاهێنەر کرواتییەکەی یەکەم یاری بەرانبەر زاخۆ ئەنجام دەدات، ئەم یارییە بۆ ئەو ڕاهێنەرە کرواتییە تارادەیەک قورسە، چونکە یەکەم یارییە لەخولی عێراق وەک ڕاهێنەر ئەرکی یارییەکەی لەئەستۆ دەگرێت ، بێگومان لەیەکەم تاقیکردنەوەی خۆی دا ئەو ڕاهێنەرە تەنها پلانی بردنەوە دەبێت و بیر لەهیچ ئەنجامێکی دیکە ناکاتەوە، بەتایبەتی دەیەوێت قەرەبووی یارییەکانی ڕابردوو بکات کەلە 3یاریدا یانەی هەولێر تەنها 3خاڵی بەدەستهێناوە، بۆیە زاخۆ دەبێت ئەمڕۆ لەوە بترسێت کە یارییەکەیان بەرانبەر یانەی هەولێر یارییەکی ئاسان نابێت و لەبەردەم ئەرکێکی قورسدان ، ئەگەرچی یانەی زاخۆ بە ڕاهێنەرە تازەکەی کە (عەلی هادی)لە ڕووبەرووی هەولێر دەبێتەوە، بۆ زانیاری خوێنەران ئەگەر سەیری ئەنجامەکانی یانەی زاخۆ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت ئەو یانەیە لەکۆی 3 یاریدا هیچ بردنەوەیەکی دەستەبەر نەکردووە و لەدواوەی ڕێزبەندی هەموو یانەکان دەبێندرێت بەبێ ئەوەی هیچ خاڵێکی هەبێت.

یاریپەکەی ئەمڕۆ نێوان هەولێر و زاخۆ کاتژمێر 4ی دوای نیوەڕۆ لەیاریگای فرەنسۆ هەریری ئەنجام دەدرێت.

ئەمڕۆ ئەم یارییانەش لەگەڕی چوارەمی خولی عێراق ئەنجام دەدرێت:

نەفت *دیوانیە
نەفتی ناوەراست *سەماوە
سناعات کاربا *ئەلقاسم
زەورا *مینا
نەفت نیسان *شورتە

راشفۆرد ڕاوچییەکەی یانە گەورەکانی پریمەرلیگ



مارکۆس راشفۆردی ئینگلیزی و یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتد لەناو یاریگای ئۆلدترافۆرد و لەمیانی یاریپەکانی گەڕی نۆیەمی پریمەرلیگ گۆڵی یەکەمی یانەکەی لە تۆڕی لیڤەرپوول تۆمارد.

تۆڕی سکواکا بۆ ئامار و داتاکن دووپاتی کردەوە کە راشفۆرد بەردەوامە لە تۆمارکردنی گۆڵ لە شەش یانە گەورەکەی خولی ئینگلیزی و ئەمە سێیەم جارە تۆڕی لیڤەرپوول دەهەژێنێت، پێشتریش 3 گۆڵی لە چێلسی و 2 گۆڵ لە ئەستال و هەمان ژمارەش لە یانەی مان سیتی.

لەلایەکی دیکەوە تۆڕی ئۆپتا بۆ ئامارەکان ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم گۆڵەی راشفۆرد گۆڵی 11ەهەمینە لە ڕووبەرووبوونەوەکانی مانچستەر یونایتد لەگەڵ یانە گەورەکاندا، کە لەبنەڕەتدا 31ەمین گۆڵی خۆیتی لە چیانی وەرزشی.

کاسیمیرۆ: ڕۆیشتنم لە ریال باشترین بڕیار بوو

یاریزانی بەرازیلی کارلۆس کاسیمیرۆ، ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئەوەی ئاشکرا کرد، نزیکبوو لەوەی لە ریال بڕوات و بچێتە ڕیزەکانی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵییەوە، ئەگەر جۆلین لۆپیتیگی، ڕاهێنەری پێشووی ریال و ئێستای سیڤیا نەبایە. کاسیمیرۆ، لە میانی ئەو لێدوانەیەدا، کە ماڵپەڕی (کالچیۆ میرکاتۆ)ی ئیتاڵی بڵاوی کردووەتەوە وتی:"ساڵی 2014، دەرفەتی چوونە ئینتەرمیلان، یان سیڤیام بۆ ڕەخسا". وتیشی:"بەڵام لۆپیتیگی، باوەڕی پێهێنام، بە شێوەی خواستن لە ریالەوە بچمە ریزەکانی پۆرتۆی پورتوگالی، ئەوەش باشترین بڕیاری ژیانم بوو".

شیاوی باسکردنە، کاسیمیرۆی تەمەن 27 ساڵان، ساڵی2014، یەک وەرزی لە ریزەکانی پۆرتۆی پورتوگالی بەسەر برد، کە وەرزێکی زۆر باشبوو، ئەوەش لەبەر کەمی دەرفەتی یاریکردن لە ریال مەدرید بوو لەو دەمەدا، پاشان گەڕایەوە یانەی شاهانە و شوێنێکی بەردەوامی لە پێکهاتەی سەرەکی یانەکە بۆ خۆی گرت، ئەنجامەکەشی بەدەستهێنانی 3نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بوو. ئێستاش کاسیمیرۆ یەکێ لە باشترین یاریزانەکانی بەرگریکاری هێڵی ناوەڕاستە لە جیهاندا.

ڕەمزی میرەکانی






مێسی لایەنی سۆزی خۆی دەردەخات

لیۆ مێسی ئەستێرەی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنە لە ئینستاگرامی خۆی وینەیەکی کۆنی خۆی و هاوژینەکەی ئەنتۆلا ڕۆکوزو بڵاوکردۆتەوە کەبەر لە چەندین ساڵ وینەکەیان گرتبوو.

مێسی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەکە نوسیویەتی (سالەکان دەڕۆن)، میدیاکانی ئیسپانیا ئەم پۆستەی مێسیان وا لێکدایەوە کە ئەمە جۆرێکە لە هاوسۆزی دەربڕین کە پێشتر ئەو یاریزانە خۆی لەو هەستە نەداوە و خۆی پاراستووە، بەڵام بەم پۆستە مێسی لایەنی سۆزی خۆی دەربڕیوە.



راکیتیچ نایەوێ چیتر لە بەرشلۆنەدا بەردەوام بێت

سایتی Le 1 osportی فەرەنسی ئاشکرای کرد کە یانەی پاریس سان جێرمان هەوڵی ئەوە دەدات هێڵی ناوەڕاستی بەهێزتر بکات ئەویش بەتواناکانی ئیڤان راکیتیچی کرواتی، دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو لەگەڵ بەرشلۆنەدا بەئاستیکی بەرز دەرکەوت.

راکیتیچ کەلەلایەن نیراتزۆریەوە چاودێری دەکرێت بەتایبەتیش کە نەیانتوانی لەگەڵ لۆکا مۆدریچ ڕێک بکەوێت، ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە راکیتیچ سووڕە لەسەر ڕۆیشتنی لە یانەی بەرشلۆنە دوای ئەوەی دەکەویتە دەرەوەی هاوکێشەکانی ئینرستۆ ڤالڤێردی کە بەم دواییە وەک پیویست یاری پێ ناکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 22. Oct. 2019 No: (5854)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا

خەبات: کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا. ناونیشانی کتێبێکی قەبارە گەورەی 900 لاپەڕەیە، لە نووسینی ڕۆژنامەنووس، زانیار سەردار قەرگەیی، بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی میژوویی و دیکۆمێنتارین، هەروەها لەگەڵ هەندێک وێنە و نامەی بارزانیی نەمر و نەوەکانی بۆ کەسایەتییەکانی سلێمانی و بە پێچەوانەوە لە دووتوێی کتێبەکەدا هەن، ئەمە جگە لەوەی دیدار و گفتوگۆی چەند ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکی دیاری سیاسی و ڕۆشنبیری تێدایە و باس لە ژیان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکەن کە بارزانیی نەمر ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە.


ڕۆژنامەنووس زانیار سەردار قەرگەیی، نووسەری کتێبەکە لە پێشەکی کتێبەکەیدا، دەنووسێت: سااڵانێک بەر لە ئێستا، لەو ساتەوەختانەی ئاوێتەی تۆڕی ڕۆشنبیر و نووسەران بە گشتی و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بە تایبەتی دەبووم، لە هەمووانیش زیاتر پسپۆڕانی بواری میژوو، هەمیشە باسیان لەوە دەکرد کە بارزانیی نەمر لە شاری سلێمانی پێگە و مەقامێکی ڕیزدار و بەهێزی لەنێو دڵی جەماوەردا هەبووە و ئێستاش هەیە. نووسەر دەشڵێت: ئەو کەسایەتییانە بوونە هاندەرێکی سەرەکیم تا پڕۆژەیەکی گرنگ و بایەخداری میژووییی لە فەوتان ڕزگار بکەم، کە مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبەیە، بۆ ئەوەی دیدی ڕۆشنبیرانی سلێمانی لەبارەی کەسایەتیی مستەفا بارزانی بخەینەڕوو.

کتێبەکە پێکهاتووە لە دوو لێکۆڵینەوە و چوار بەشی سەرەکی، واتە بەشی دیدار و گفتوگۆکان، بەشی شیعرەکان، بەشی دیکۆمێنتەکان، بەشی وێنەکان. نووسەر سەبارەت بە ناونیشانی کتێبەکەش، دەنووسێت: بۆیە کتێبەکەم بەو ناونیشانە بلاوکردەوە، چونکە هەموو بابەتەکان پەیوەستن تەنیا بە جەماوەری سلێمانی و بارزانیی نەمر. سەرەڕای ئەوە، ناونیشانگەلێکی زۆر لە کتێبەکەدا هەن، بە گشتی پەیوەندییان بە دیدی ڕۆشنبیران و نووسەرانی شاری سلێمانییەوە هەیە، لە پەیوەست بە کەسایەتیی مستەفا بارزانی وەک ڕابەرێکی ڕۆحی و سیاسی کورد، لە قۆناغە جیاوازەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا.

لە بەشی دیدار و گفتوگۆکاندا دیدارێک لەگەڵ میژوونووسی گەورەی کورد، دکتۆر کەمال مەزهەر هەیە، لەبارەی کەسایەتیی مستەفا بارزانی، گوتوویەتی: میژووی نەتەوەی کورد و میژووی هاوچەرخ بە خەباتی بارزانی و بارزانییەکان ڕازاوەتەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی بارزانیی نەمر بەرانبەر ڕۆشنبیران، دکتۆر کەمال مەزهەر ئاماژەی بەوە کردووە کە بارزانیی نەمر حەزی کردووە ڕۆشنبیران ڕۆڵی خۆیان هەبێت. سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی بارزانی، د. کەمال مەزهەر گوتوویەتی: ئەو خاسیەتەی بارزانی سەرنجی ڕاکێشام، کە سووربوو لەسەر کوردایەتی، قسەکانی بارزانی سەرنجیان ڕاکێشام کە لەڕووی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە هیچ کاتێک دریغی نەکردووە. هەر لە بەشی دیدار و گفتوگۆکاندا پڕۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەلمی گوتوویەتی: بارزانی هەموو ژیانی بۆ کوردایەتیی تەرخانکردووە و هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد، زۆر بە دڵسۆزانە هەوڵی دەدا بۆ نەتەوەی کورد، هەموو توانای خۆی و ژیانی خۆی لە ڕێگەی کوردایەتییەوە بەخت کرد.

کتێبەکە قەبارەیەکی گەورەی هەیە، پێکهاتووە لە دوو لێکۆڵینەوە و چوار بەشی سەرەکی، بە گشتی ڕەئی ڕۆشنبیران و نووسەرانی سلێمانی تێدا تۆمارکراوە، کە قسەیان لەبارەی بارزانیی نەمر کردووە، لەگەڵ وێنە و دەیان دیکۆمێنتاری دیکەش، بەدڵنیاییەوە بۆ میژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتی و خەباتی بارزانی سوودی زۆریان هەیە، بە تایبەتی قوتابیانی زانکۆ و خوێندنی باڵا دەتوانن ئەم کتێبە وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بەکاربهێنن، بە دیاریکراوی ئەوەی پەیوەندی بە کەسایەتی و خەباتی بارزانییە نەمر هەیە.

-کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانی، بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەی میژوویی و دیکۆمێنتاری، نووسەر زانیار سەردار قەرگەیی، ژمارەی لاپەڕەکانی 900لاپەڕەی قەبارە گەورە، تایپ و هەڵەچن، نووسەر، نەخشەسازی ناوەڕۆک، سەید ئارام، نەخشەسازی بەرگ، شکار عەفان نەقشبەندی بۆی کردووە، هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی 571ی ساڵی 2018ی پێدراوە.



هەڵەی چاپ

دوێنێ لە گۆشەکەی ئیسماعیل بەرزنجی لەباتی (٥) فەرزە نووسرابوو (٤) فەرزە داوای لێبوردن لە خوێنەرانمان دەکەین.



نەریمان بابان.. هەردوو کۆنسێرتەکەی لەبەر ڕۆژئاوای کوردستان هەڵوەشاندەوە

بەرهەم شیخ عزەدین

هونەرمەندی بەئەزموون و دەنگ خۆش نەریمان بابان لەوانی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: وەک بڕیار بوو لە مانگی 11/ 2019 دوو کۆنسێرتی گەورە لەشاری سلێمانی و هەولێری پایتەخت ساز بکەین ، بەڵام وەک هاوخەمیەک بۆ ئەو کارەساتەی کە تورکی دڵ پڕ لە قین بەسەر گەلەکەمانی هێناوە لەم کاتەدا بە پێویستی ئەزانین کە کۆنسێرتەکان دوا بخەین وە لە ئێستادا ئێمە ئەرکی گرنگترمان لە سەر شانە ئەویش کۆمەک کردنی پارچەکەی تری جەستەی کوردوستانی بەشکراوە. سەرکەووتن هەر بۆ کوردی نەبەردو ئازایە خودامان لە پشت بێت.



کوردستان.. وەرزی پێگەیشتنی هەنار لە پایزدا..

ڕۆژهەڵاتی تاریک

پێشانگایەک لە کراکۆڤ کە نمایندەی ڕۆژە ناخۆشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات

پێشانگایەکی هونەری لە ژێر ناونیشانی "ڕۆژهەڵاتی تاریک "لە شاری کراکۆڤی پۆڵۆنیا بۆ هونەرمەندە ئەحمەد نەبەز دەکرێتەوە.نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەنتەری کەلتووری نێودەوڵەتی لە کراکۆڤ هەستان بە ڕێکخستنی ئەو پێشانگایە کە کۆمەڵێکی نایاب لە تابلۆو کۆلاژو ڤیدیۆئارت تیا نمایش کراوە بووە جێی بایەخی ئامادەبووە پۆلۆنییەکان و کەسانی ئەکادیمی و دیبلۆماتی و ڕۆژنامەنوسان و چەندین کەسایەتی تر کە بەشداریان کرد لە کردنەوەی پێشانگاکە ، لە نێویان سەرۆکی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی یاگەلۆنیان و جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای ونەرە جوانەکان و پەرلەمانتاران و نوێنەرانی دەسەڵاتی خۆجێیی و دەستەی دیبلۆماسی .زیاد ڕەئوف لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم دواییەی ڕۆژئاوا کرد و گوتی: پێشانگاکەی ئەحمەد نەبەز جوانترین نمونەیە بۆ سەلماندنی ئەو دۆخە تاریکەی کە کوردی تێکراوە و لە هەموو لایەکەوە ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیلی بێتاوان مافی ژیانیان لێ زەوت دەکرێت. هەروەها نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلۆنیا سوپاسی سەرجەم پۆلۆنییەکانی کرد بۆ ئەو پشتیوانییەی کە پیشانیاندا بۆ کوردەکان و پاڵپشتیان لێ کردن. هەروەها داوای گەیاندنی هاریکاری مرۆیی و پزیشکی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا کرد کە بە زۆرەملێ لە زێدی خۆیان دەرکران.کارە هونەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی تاریکی ئەحمەد نەبەز پێکهاتووە لە 24وێنە و چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لە ساڵەکانی 2014 -2019 ئامادەکراوە، تایبەتمەندی کارەکانی ئەحمەد نەبەز لەوەدایە کە تەنها ڕەنگی ڕەش و ڕەساسی بەکارهێناوە و چەند پەڵەیەکی سووریش لە وێنەکانیدا بەدی دەکرێن، ئەم ڕەنگانە نمایندە و سیمبۆلی بیرتاریکی داهاتووی ناوچەکە، بەکێڵەکردنی ئافرەت، نارەحەتیەکانی منداڵان و ڕووبەروبونەوەیان لەگەڵ تووندوتیژیدا.جێی باسە پێشانگاکە لە شاری کراکۆڤ تا بەرواری 3ی تشرینی دووەمی 2019 بەردەوام دەبێت.



داهاتی فیلمەکە بۆ منداڵانی ڕۆژئاوای کوردستانە

خەبات / هەمزە سەرحان

هونەرمەند و دەرهێنەری کورد "شوان عەتوف" ڕایگەیاند، داهاتی فیلمی پەیکەری دڵ لە ئەوروپا بۆ منداڵانی ڕۆژئاوای کوردستان تەرخانەکرێت.بڕیارە لە چەند ڕۆژی ئایندە نمایشی فیلمی پەیکەری دڵ لە وڵاتانی بەشەڵزنە، ستۆکهۆڵم، کۆڵن، ئۆسلۆ چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا بەڕێوەبچێت،لەو بارەیەوە شوان عەتووف، دەرهێنەری فیلمی پەیکەری دڵ لە والێی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی "فەیسبووک" ڕایگەیاند" داهاتی پەیکەری دڵ لە وڵاتی ئەوروپا تەرخان بکەین بۆ منداڵە بێ لانەکانی ڕۆژئاوای نیشتیمان".فیلمی "پەیکەری دڵ" کە فیلمێکی میوزیکەڵی کوردیو ڕۆمانسییەو لەلایەن هونەرمەند شوان عەتوفەوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و ئەکتەرە سەرەکییەکانی فیلمەکە پێکهاتون لە "هەڵوێست موحەمەد، عەلی حەمەخان، نزار سەلامی، ژیان ئیبراهیم خەیات، ئەحمەد ڕەئوف، ڕۆژان حەمە جەزا، ڕێشان حەمۆ".